# ڕۆڵی ژن لەبونیادنانی ئاشتی لە كۆمەڵگەی كوردیدا
# توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە شاری سلێمانی

**پ.ی. د. شۆخان محمود حسێن**
زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان، بەشی كاری كۆمەڵایەتی
shokhan.husain@univsul.edu.iq

**پوختە**
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشـــانی (ڕۆڵی ژن لە بونیادنانی ئاشـــتی لە كۆمەڵگەی كوردیدا / توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە شـــاری سلێمانی) بە ئامانجی دەستنیشانكردنی (ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری كۆمەڵایەتی و سیاسی، لەگەڵ ئەگەری بوونی ئاستەنگ لە بەردەم ڕۆڵی ئاشـــتیخوازیاندا، هەروەها ئەگەری بوونی جیاوازی ئـاماژە ئـاماریەكانی نمونەی توێژینەوەكە بۆ ئـاســـتی ئاشـــتیخوازی ژن لە بواری كۆمەڵایەتی و ســـیاســـی بە جیاوازی گۆڕاوەكانی(ڕەگەز، تەمەن، پلەی زانســـتی). بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكان پشت بە میتۆدی(تێكەڵ) بەسـتراوە، كۆمەڵگەی توێژینەوەكە كە میتۆدی چەندێتیان بەسـەردا جێبەجێكراوە پێكدێت لە مامۆسـتایانی زانكۆی سـلێمانی كە ژمارەیان(1792) كەسـە نمونەیەكی (135) كەسـی بەڕێگە مەبەسـتدار لە جۆری پشـەكەكان لێهەڵبژێراوە، هەروەها لەمیتۆدی چونیەتیشـــدا(8) ژنی چالاكوان و داكۆكیكەر لە مافەكانی ژن لە شـــاری ســـلێمانی بەنمونە بەڕێگەی مەبەستدار لە جۆری تۆپەڵە بەفرینە وەرگیراوە. لەگرنگترین ئەو ئامرازانەی بۆكۆكردنەوەی زانیاری لە توێژینەوەكەدا بەكارهاتووە بریتیە لە(پێوەر، فۆرمی چاوپێكەوتن)، هەروەها توێژینەوەكە بە كۆمەڵێك ئەنجامی گرنگی گەیشتووە كەبریتین لە:- (ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری كۆمەڵایەتیدا لە شاری سلێمانی لەئاستێكی بەرزدایە، بەڵام ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری سیاسیدا لە شاری سلێمانی لەئاستێكی نزمدایە، هاوكات لەگەڵ بوونی ئاستەنگەكانی(كولتوری پیاوسالاری، ڕێگەنەدانی خێزانی كورد بە بەشداری سیاسی ژن،بڕوانەبوون بە توانستەكانی ژن، تایبەتمەندی و فسیۆلۆجی ژن) لەبەردەم ڕۆڵی ئاشتیخوازی ژندا لە كۆمەڵگەی كوردیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا پاڵپشـتیەكان زیاترن لەبەردەم ڕۆڵی ژن لە بونیادنانی ئاشـتیدا، هەروەها جیاوازی واتادار لەنێوان گۆڕاوەكانی(ڕەگەز، تەمەن، پلەی زانســـتی) لای نمونەی توێژینەوەكە ســـەبارەت بەڕۆڵی ئاشـــتیخوازی ژن لە بواری كۆمەڵایەتی و سیاسی بوونی نیە).
لەكۆتایشدا لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەكانی توێژینەوەكەدا كۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیار ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار و توێژەران كراوە.

**الملخص**
عنوان البحث هو (دور المرأة في بناء السلام في المجتمع الكردي/ دراسة ميدانية في مدينة السليمانية)، يهدف البحث بصورة اساسية التشخيص (مستوى بناء السلام لدى المرأة فى المجال الاجتماعي و السياسي، مع تشخيص افتراضى وجود عوائق و تحديات امام دورهن في بناء السـلام، وكذلك تشـخيص افتراضـى لوجود فرق المعنوي للمؤشـرات الاحصـائية لعينة البحث في مستوى بناء السلام للمرأة في المجالين الاجتماعي و السياسي بإختلاف متغيرات (الجنس، العمر، الدرجة العلمية). اعتمد البحث على المنهج المختلط (النوعي و الكمي) للوصـــول الى تحقيق الاهداف المعينة، يتكون مجتمع البحث الذى تم تطبيق المنهج الكمي فيه، من اسـاتذة جامعة السـليمانية البالغ عددهم (1792)، تم اختيار عينة منهم متكونة من (135) فردا بصـورة عمدية باسـتخدام العينة الحصـصـية، أما في المنهج النوعي تم اختيار عينة من (8) ناشـطات فى مجال الدفاع عن حقوق المرأة فى مدينة السـليمانية بصـــورة عمدية باســـتخدام العينة كره ثلجيه، الادوات التى تم اســـتخدامها لجمع المعلومات هي (المقياس، اســـتمارة المقابلة). اهم النتائج التى تم التوصـــل اليها: (المســـتوى العالي لبناء الســـلام عند المرأة فى المجال الاجتماعي فى مدينة الســـليمانية، المســـتوى المتدني لبناء السـلام فى المجال السـياسـي فى مدينة السـليمانية، ثمة عوائق عديدة تعترض دور المرأة لبناء السـلام فى المجتمع الكردي، لعل اهمها هي (الثقافة الذكورية، اعتراض الاســـرة الكردية للمشـــاركة الســـياســـية للمرأة، عدم الاعتراف بقدرات المرأة،..الخ) لكن على الرغم من ذلك هناك دعم كاف أمام دور المرأة فى بناء الســلام، لايوجد اختلاف بين المتغيرات (الجنس، العمر، الدرجة العلمية) لدى عينة البحث عن دور المرأة فى بناء السـلام في المجال الاجتماعي و السـياسـي). ختاما، وفي ضـوء نتائج البحث، تم توجيه مجموعة من التوصيات و المقترحات للجهات ذات العلاقة المرتبطة بالبحث و الباحثين.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**Abstract**

The title of the research is (The role of women in building peace in the Kurdish society/A field study in the city of Sulaimani). The research aims primarily to determine (the level of women's peacefulness in the social and political fields, with the possibility of having obstacles in front of their peaceful role, As well as the possibility of having differences in the statistical indications of the study sample for the level of women's peacefulness in the field of social and political fields according to the variables (gender, age, academic degree)

The research relied on a mixed Method (qualitative and quantitative) It relies on a mixed method to achieve its objectives. The research society in which the quantitative method was applied included (1,792) lecturer at Sulaimani University, A sample of (135) individuals was deliberately selected using a quota sample. As for the qualitative approach, a sample of (8) women activists and women's rights defenders in the city of Sulaimani were taken.

The tools that were used to collect information were (the scale, the interview form). The most important results that were reached:- (The level of women's peacefulness in the social field in Sulaimani is high, but the level of women's peacefulness in the political field in Sulaimani is low, there are many obstacles hindering women’s role in building peace in Kurdish society, perhaps the most important of which is ((Patriarchal culture, the Kurdish family’s objection to women’s political participation, lack of recognition of women’s capabilities, the physiological characteristics of women), but despite this there is sufficient support for women’s role in Peacebuilding: There are also no significant differences between the variables (gender, age, academic degree) in the sample about the peaceful role of women in the social and political fields, Finally, in light of the research results, a set of recommendations and proposals were directed to the relevant authorities and researchers.

**پێشەکی**

پێشهات و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی وسیاسیەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، زەمینەیەکی لەباریان بۆ ژن رەخساند تاکو بەناچاری و وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە ڕۆڵی خۆیان ببینن، لەو چوارچێوەیەشدا جگە لە لایەنی کۆمەڵایەتی کە خۆی لە کاری خێزانی و بەخێوکردن و پەروەردەی منداڵ و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بینیوەتەوە، توانیویانە لەکایەی سیاسیشدا ڕۆڵی خۆیان ببینن و پێگەو تواناکانی خۆیان بسەلمێنن، بێگومان ئەمەش بە پێی جیاوازی کلتورو ئاستی وشیاری تاکەکانی کۆمەڵگا دەگۆڕێت و کاریگەری لەسەر مەودای ڕۆڵ بینینی ژن دروستدەکات.

هاوشێوەی کۆمەڵگەکانی جیهان و دەوروبەر، ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا رۆڵ و پێگەی دیاری هەبووە، کە بێگومان گەڕیدەو رۆژهەڵاتناسەکان راستی ئەو بۆچونەمان دەسەلمێنن و پێیان وایە، ژنی کورد لە ژنانی (عەرەب و فارس و تورك) ئازادتربوون و جگەلە بەڕێوەبردن و پەروەردەی منداڵ لە کاری ئاژەڵداری و کشتوکاڵ کردنیشدا هاوکاری پیاوانیان کردووە و توانیویانە لە بەرقەرارکردن و پاراستن و بونیادنانی ئاشتیدا لەسەرجەم کایە(کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، فێرکاری، تەندروستی...هتد) بەشداربن. هەموو ئەمانەش لەو راستییەوە سەرچاوەیان گرتووە کە بە درێژایی مێژوو ژنی کورد قوربانی سەرەکی کولتور و ململانێ و شەڕو ناسەقامگیرییە سیاسی و کۆمەڵایەتیی بوون، هەربۆیە چەند لە توانایاندا بوبێت، کاریان بۆبەهێزبوونی هاوبەندی کۆمەڵایەتی و چاندنی بەهای لێبوردەیی و پێکەوەژیان و سەقامگیری کۆمەڵایەتی کردووە و خەباتیانکردووە بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی و توندڕەوی، هاوکات لەماوەی ململانێ و شەڕی ناوخۆی نێوان حزبە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان، ژنانی رۆشنبیرو ئاشتیخواز بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیروبۆچوون، بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵیانداوە ببنە سیمبولی ئاشتی، بۆ ئەو مەبەستەش لە رێگەی بەشداری سیاسی و چالاکی و خەباتی مەدەنی وەك (خۆپیشاندان، رێپێوان، نارەزایی دەربڕین)ەوە توانیویانە فشار لەسەر لایەنە ناکۆکەکان دروست بکەن و مەودای شەڕو ململانێکان بەرتەسك بکەنەوە. هەربۆیە بایەخ و ڕۆلی ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا وایلێکردین کە توێژینەوەکەمان بۆ (ڕۆڵی ژن لە بونیادنانی ئاشتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا) تەرخان بکەین.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**یەكەم/ كێشـــەی توێژینەوەكە:-** دیاریكردنی كێشـــەی توێژینەوە مەرجێكی ســـەرەكییە بۆ ئەنجامدانی هەرتوێژینەوەیەك، هەربۆیە دەستنیشانكردنی گرفتەكان و داڕشتنیان هەنگاوێكی گرنگی پرۆسەی توێژینەوەیەو سەربەنێكە بۆ ئەوەی هەنگاو بەرەو كارەكانی دواتر بنێن، كێشـــەی توێژینەوە دەوەســـتێتە ســـەر ئەو پرســـەی كە توێژەر هەوڵدەدات لەچوارچێوەی توێژینەوەكەیدا وەڵامەكان بەشێوەیەكی بابەتیانە بخاتەڕوو.

مێژووی سەدساڵی رابردووی باشووری كوردستان ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە كە ژنان لەسەرجەم پێشهات و ڕووداوەكاندا قوربانی كولتور و بارودۆخی سیاسـی بوون، بەجۆرێك حكومەتە یەك لەدوایەكەكانی عێراق لە سـاڵی 1921 وە تاكو ڕاپەڕینی بەهاری 1991، لەچوارچێوەی هەڵمەتەكانیاندا بۆ سـەركوتكردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی كورد، چەندین ئامرازو شـێوازی دڕندانەی وەك(ئەنفال، راگواستن، بەعەرەبكردن، زیندانی كردن، كیمیاباران،...) لەبەرامبەر خەڵكی كوردستان بەكارهێناوە كە بەپێی یاســا نێودەوڵەتییەكان و بنەماكانی مافی مرۆڤ بەتاوانی گەورەی دژ بەمرۆڤایەتی ئەژمار دەكرێن، تیایدا ژنان ومنداڵان پشــكی ســەرەكی ئەو تاوانانەیان بەردەكەوێت و بەهۆیەوە زەبری كۆمەڵایەتی و دەروونی و جەســتەییان بەركەوتووە(فەرەج، 2022: 171-179).هاوكات بەردەوامی ململانێی ناتەندروســت و شــەڕی ناوخۆی حزبەكانیش لە دوای ســاڵی 1991 مەوە بەردەوامیان تاوەكو ئێستا، هۆكارە بۆ كاركردن لەبواری بونیادنانی ئاشتی و ئارامی، لەچوارچێوەی كارو چالاكییەكانی رەوت و گروپە جڤاكییە جیاوازەكاندا، ژنان یەكێكن لەوانەو تاڕادەیەكیش جێدەســتیان دیارە، هەربۆیە هەوڵدەدرێت لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارە بەدەستبهێنرێت كە(ئایا ژن تا چ ئاستێك ڕۆڵیان لە بونیادنانی ئاشـتی لە كۆمەڵگەی كوردیدا هەبووە؟).

**دووەم/ گرنگی توێژینەوەكە:-** خۆی لە گرنگی هەردوو لایەنی تیۆری و مەیدانیدا دەبینێتەوە، بەجۆرێك تاكو ئێســتا بەپێی زانیاریەكانی توێژەر توێژینەوەی زانســتی لە ناوەندە ئەكادیمییەكاندا لەســەر تواناو لێهاتوییە فرە رەهەندەكانی ژن لە بواری بونیادنانی ئاشــتی لە كۆمەڵگەی كوردیدا ئەنجام نەدراوە، نەتوانراوە وێنەیەكی راســتەقینەی رۆڵ و پێگەی ژن بنەخشــێنرێت، لەلایەكەوە زیاد كردنێكە بۆ كتێبخانەی كوردی، لەلایەكی دیكەشەوە گرنگە بۆ خستنەڕووی تواناكانی ژن لە بونیادنانی ئاشتی لە كۆمەڵگەی كوردیدا، هاوكات بەســود وەرگرتن لەو ئەنجام و داتایانەی لەم توێژینەوەیەدا دەخرێتەڕوو، كۆمەڵێك ڕاســپاردەو پێشنیاز ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار دەكرێت تا لە پلانی چارەسەركردنی ئاستەنگ و ئاڵنگارییەكانی بەردەم ژن لە بونیادنانی ئاشتیدا سودی هەبێت.

**سێیەم / ئامانجی توێژینەوەكە:** ئامانجی گشتی ئەم توێژینەوەیە ئاشنابوونە بە ڕۆڵی ئاشتیخوازی ژن لە كۆمەڵگەی كوردیدا لە دیدی مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی و ژنانی چالاكوان لە شـاری سلێمانی بۆ سـاڵی (2023-2024) لەگەڵ بەدیهێنانی چەند ئامانجێكی لقیدا كەبریتین لە دەستنیشانكردنی: -

1- ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری كۆمەڵایەتیدا.

2- ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری سیاسیدا

3- ئەگەری بوونی ئەو ئاستەنگانەی كە ڕووبەڕووی ژن دەبێتەوە، لەچوارچێوەی هەوڵەكانیان بۆ بونیادنانی ئاشتی.

4- ئەگەری بوونی جیاوازی ئاماری ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری كۆمەڵایەتی و سیاسی لای نموونەی توێژینەوەكە بە جیاوازی گۆڕاوەكانی(ڕەگەز، تەمەن، پلەی زانستی).

ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەنی سـەرەكی تیۆری و مەیدانی پێكدێت، كەبەسـەر چوار بەشـی سـەرەكیدا دابەشـكراوە، بەشـی یەكەم كە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەكەیە و ســێ باس لەخۆدەگرێت، باســی یەكەم تەرخانكراوە بۆ دیاریكردنی چەمكەكانی توێژینەوەكە، لەباســی دووەمدا توێژینەوەكانی پێشــوو خراوەتەڕوو، هەروەها باســی ســێیەمدا چوارچێوەی هزری و تیۆری توێژینەوەكەی لەخۆگرتووە، هەروەها بەشــی دووەمیش ســێ باس لەخۆدەگرێت، لە باســی یەكەمدا پاشــخانی مێژوویی ڕۆڵی ئاشـتیخوازی ژن لە باشـوری كوردسـتان خراوەتەڕوو، لەباسـی دووەم و سـێیەمدا چوارچێوەی یاسـایی نێودەوڵەتی و پلانی نیشـتمانی ناوخۆی بۆ پرسـی ئاشـتی باسـكراوە. پاشـان لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەكەدا كە دوو بەش لەخۆ دەگرێت، لەبەشـی چوارەمدا میتۆد و ڕێكارە مەیدانیەكانی توێژینەوەكە خراوەتەڕوو، هەروەها لە بەشــی چوارەمدا ئەنجام وزانیاریە مەیدانیەكانی توێژینەوەكە بەگوێرەی ئامانجەكان شیكردنەوە شرۆڤەیان بۆكراوە، هەر لەو بەشـەدا دەرئەنجام وچەند ڕاسپاردەو پێشنیازێك بۆ لایەنی پەیوەندیدارو توێژەران خراوەتەڕوو.

**بەشی یەكەم/ چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەكە**

**باسی یەكەم / دیاریكردنی چەمكەكانی توێژینەوەكە**

**یەکەم / ڕۆڵ:** بریتییە لەو ڕەفتار وهەڵوێستانەی کەسێك یاخود لایەنێك یان دامەزراوەیەك لەچوارچێوەی ڕێسا ویاسا و کولتوری کۆمەڵگەدا ئەنجامی دەدات، کاریگەری ئەرێنی یاخود نەرێنی لەسەر دەوروبەر دەبێت (فرج، 1989: 434).لەلایەکی دیکەوە ڕۆڵ بریتیە لەو ئاراستەو بەهاو ڕەفتارانەی کە کۆمەڵگە ئارەزووی دەکات، بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی لە پێگەیەکی دیاریکراودا کاردەکەن(العمر، 2000: 363).

پێناسەی ڕێکاری ڕۆڵ لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی ژن لەبونیادنانی ئاشتی لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، تا هەرێمی کوردستان بە ئاقاری سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی بروات.

**دووەم / ژن:-** لە ئاوێستا و زمانی سانسکریت بە واتای(ریتە سیبە بانو) یان (ئاشە بانو) دێت، کە بە مانای ڕووناکی و گەشاوەیی دێت. هاوکات لە کتێبی(ڕشتەی مرواری)علادین سەجادیدا ژن پێناسەکراوە بە مرۆڤێکی زۆرزان، عەیار و بەمەکر (ئەمینی، کەریمی، 2022: 25). هاوکات ژن جۆرێکە لە جۆرەکانی مرۆڤایەتی، جۆر مانایەکی گشتییە و نێر و مێ لە خۆدەگرێت و هەردوو جۆرەکە یەکتری تەواو دەکەن و هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە(احمد، 1998: 2). هەروەها ژن لە فەرهەنگی کوردیدا بە مێینەی مرۆڤ، زەعیفە، جوتی پیاو هاتووە، بێگومان ئەم پێناسەیەش بۆ زاڵبوونی کولتوری پیاو سالاری دەگەرێتەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا (عەبدوڵڵا، 2023: 8).

پێناسەی ڕێکاری ژن، ئەو بونەوەرەیە قوربانی کولتور و شاهید و بینەری دەرئەنجامە نەرێنیەکانی ململانێ و پێکدادانی سیاسی وجەنگن لە کوردستاندا و زەرەمەندی یەکەمن هەربۆیە داکۆکیکاری پرسی ئاشتین.

**سێیەم/ بونیادنانی ئاشتی:-** لێرەدا بەگرنگی دەزانین پێناسەی هەموو ئەو چەمکانە بکەین کە پەیوەستە بە بونیادنانی ئاشتیەوە لەوانە (ئاشتی، پاراستنی ئاشتی، دروستکردنی ئاشتی، بونیادنانی ئاشتی).

بەشێوەیەکی گشتی ئاشتی بریتییە لە دۆخێکی ئارام و هێمن و دور لە شەڕ و ململانێ، چەمکێکە بە واتای دۆستایەتی کۆمەڵایەتی و هەماهەنگی دێت، لە نەبوونی دوژمنایەتی و توندوتیژیدا پەیدا دەبێت، ئاشتی بناغەی سەقامگیری هەر وڵاتێکە، بنەمایەکی گرنگە کە ژیانی گەلانی پێوە پابەندە (بدوی، 1977: 68). لەلایەکی دیکەوە ئاشتی بە واتای نەبوونی ململانێ و شەڕ و ئازادبوون لە توندوتیژی نێوان تاکەکان و گروپەکان دێت (البارمنی، 2014: 9). هەروەها ئاشتی بریتییە لە پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکان و ئەندامانی کۆمەڵگا، کە خۆی لە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، گفتوگۆ، لێبوردەیی، هاوکاری، دیموکراتی، ئازادی، یەکسانی و دادپەروەریدا دەبینێتەوە (رشید، 2020: 14).

**پاراستنی ئاشتی(حفظ السلام):-** ئاماژەیە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیی دیبلۆماسی و ئاشتی و بە هێزکردنی دامەزراوەی (سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و کولتوریی) بۆ ئەوەی بتوانن مامەڵە لەگەڵ ململانێکاندا بکەن، هەروەها پەرەپێدانی ڕێگای جۆراوجۆر بۆ دروستکردنی بارودۆخێك کە پشتگیری لە بونیادنانی ئاشتی ماوە درێژ بکات(عبدالغفار، 2003: 22).

**دروستکردنی ئاشتی (صنع السلام):-** بریتییەلە بونیادنانی ژێرخان و ئەو پێکهاتانەی کە یارمەتی لایەنە ناکۆکەکان دەدات لە قۆناغی ناکۆکیەوە وە بپەڕنەوە بۆ قۆناغی ئاشتی ئەرێنی و کاربکەن بۆ لابردنی هۆکاری ناکۆکیەکان، جا مادی بن یان معنوی، یان بە کارهێنانی میکانیزم و ڕێگە چارەیەك کە لایەنەکان بتوانن بە ئاشتی مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن(الداودی، 1998: 39).

**بونیادنانی ئاشتی (بناء السلام):-** چالاکیەکی دەستەجەمعیە بەمەستی نەهێشتن و بنەبڕکردنی هەموو ئەو ناکۆکی و توندوتیژیانەی لە نێوان تاك و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بوونیان هەیە، بە ڕێگەی ئاشتیانە، پاشان گۆڕینی چوارچێوەو بارودۆخی کولتوری کۆمەڵگە کە هۆکارە بۆ سەرهەڵدانی ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی (بوساحە، 2018: 13). لەلایەکی دیکەوە بونیادنانی ئاشتی واتای دانانی چەك و گەڕانەوەی پەنابەران و زیاد کردنی هەوڵەکان بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چاکسازی(الداودی، 1998: 39). هەروەها بونیادی ئاشتی پرۆسەیەکە کە بە هەوڵی لایەنی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی دەست پێدکات بۆ کۆتایی هێنان بەتوندوتیژی و ململانێکان بەمەبەستی پاراستنی ماف و دەستکەوتەکان لە لایەك و دامەزراندنی قۆناغێکی نوێ و دڵنیا بوونەوە لە بەردەوامی ئەم ئەنجامانە لە لایەکی ترەوە(عبدالغفار، 2003: 22).

پێناسەی ڕێکاری بونیادنانی ئاشتی، واتەدەستەبەرکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ڕێگەی بەهێزکردنی پەیوەندی وبەکارهێنانی زمانی گفتوگۆ و دیموکراسی و بەشداری هەمەلایەنە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە پێناو دەستەبەرکردنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژیانێکی خۆشگوزەران لەکۆمەڵگەی کوردیدا.

**چوارەم / کۆمەڵگە:-** بە زمانی فەرەنسی societe، لە وشەی ئینگلیزی society ەوە هاتووە، هەردوو وشەکانیش لەڕەگی وشەی لاتینی socieum وەرگیراوە، بەمانای دۆست، هاوڕێ هاوپەیمان دێت. لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵگە بریتییە لە تۆڕێك لە چالاکی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە بەردەوامی دەدات، بە پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکە و هۆکارە بۆ مانەوەو زیندوو هێشتنەوەی لەکات و شوێنی جیاوازدا(موحسینی، 2004: 12). هەروەها لە کۆمەڵە خەڵکێك پێکدێت کە لە پێگەی جوگرافی دیاریکرودا دەژین و

تایبەتمەندی وكولتوور و بەرژەوەندی هاوبەش كۆیان دەكاتەوە كۆمەڵگەیەكی تایبەت بە خۆیان بونیاد دەنێن(عزیز، 2005: 20) بێگومان هەر كۆمەڵگایەكیش جوگرافیا و كولتور و مێژوو، شـــوناســـی تایبەت بە خۆی هەیە و جیاوازەلە كۆمەڵگەیەكی تر هەربۆیە بە گرنگی دەزانین لێرەدا پێناسەی كۆمەڵگەی كوردی بكەین بە:-

**كۆمەڵگەی كوردی:-** بریتییە لەو كۆمەڵگەیەی كە پەیوەسـتن بە خێزان و داب و نەریت و بەها ئاكاریەكان و ئاینەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا كۆمەڵگەیەكی پیاوســـالارە، هاوكات كۆمەڵگەیەكی فرە ئاین و نەتەوەیە، لەگەڵ پێشـــكەوتنی تەكنەلۆجیا كۆمەڵگەی كوردیش پریشكی پۆست مۆدێرنیزمی بەركەوتووە گەیشتووە بە قۆناغی وەرچەرخان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توخم و ڕەگەزەكانی كولتوری و ناسنامەكەی خۆی لەدەست نەداوە(عزیز، 2005: 22-23).

لەلایەكی دیكەوە كۆمەڵگەی كوردی بریتییە لەو كۆمەڵگەیەی كەبە درێژایی مێژوو و تائیســـتاش، ڕووبەڕووی ململانێ و پێكدادانی ســیاســی و ناســەقامگیری بووەتەوە، هەروەك بەهۆی گرنگی و بایەخی جیۆپۆلەتیكی ناوچەكەوە، لانكەی پێكدادان و مەڵبەندی یەكلاكردنەوەی ململانێی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوســـمانی و ســـەفەوی بووە، پاشـــان دوای كۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەكەم و دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیش، كوردستان بۆ پێنج بەشی سەرەكی دابەشكراوە، بەشی باشوورەكەی خرایە سـەر ئەو دەوڵەتە نوێیە، ئەمەش وایكرد نزیكەی سێ چارەكە سـەدە كورد ململانێی حكومەتە یەك لەدوایەكەكانی عێراق بكات، هەر لە بەشـــی باشـــورەكەی ململانێ و پیكدادانی ناوخۆیی نێوان كۆمەڵە و حزب و ڕێكخراوەكان بەچەندین قۆناغی جیاواز ڕوویانداوە كە هەر قۆناغێك درێژكراوەی قۆناغی پێش خۆیەتی، لەلایەكی دیكەوە هێرش و پەلامارەكانی داعش بۆ ســـەر ناوچەكانی شەنگال وقەزا وناحیەكانی دەوروبەری موسڵ بووەهۆی ناسەقامگیری، هەموو ئەم دۆخانەش كاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی هەبووە، لەلایەكەوە تارادەیەك زەمینەی بۆ گەشـــەپێدانی كۆمەڵایەتی ڕەخســـاندووە، لەلایەكی دیكەشـــەوە بونیادی كۆمەڵایەتی توشی دارمان كردوە (حسێن، 2022: 1).

پێناسـەی ڕێكاری كۆمەڵگەی كوردی:- بریتییە لە هەرێمی كوردستان كە بەهۆی بەردەوامی ململانێ و پێكدادانی سیاسی و كولتوری پیاوســـالاری و جۆراو جۆری پێكهاتەكانیەوە ناوچەیەكی نائارم و ناســـەقامگیرە، ئەمەش زەمەینەی لەباری بۆ ژن ڕەخساندووە تا لە بونیادنانی ئاشتیدا بەشداربن.

**باسی دووەم / خستنەڕووی توێژینەوەكانی پێشوو**

**یەكەم/ توێژینەوەكەی (الحمدانی، عبدالله، 2017)،بەناونیشـــانی(دور النســـاء فی بناء الســـلام فی مجتمعات مابعد النزاع النساء الناجیات (نینوی- دهوك) نموذجا).**

ئامانج لەم توێژینەوەیە بە دیهێنانی گریمانەی ســـەرەكی توێژینەوەكەیە كە بریتییەلە (ژنانی ڕزگاربووی جەنگی داعش لە پارێزگای نەینەوا ڕۆڵێكی گرنگ دەبینن لە بونیادنانی ئاشتیدا) بۆ بەدیهێنانی ئەم گریمانەیە پشت بە میتودی چۆنیەتی بەستراوە، بۆ كۆكردنەوەی زانیاریەكانش ســـود لە (چاوپێكەوتن و تێبینی) ڕاســـتەوخۆ وەرگیراوە، كۆمەڵگای توێژینەوەكەش پێكدێت لە (300) ژنی چالاكوانی ئاوارەی ڕزگاربوو لە دەستی داعش و نمونەیەكی 35 كەسی بەرێگەی هەرەمەكی سادە لێوەرگیراوە.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشـتووە بریتیە لە:- ڕۆڵی ژنانی ڕزگاربووی جەنگی داعش لە بونیادنانی ئـاشـــتیدا كـاریگەر نەبووە بەهۆی نەبوون یـان كەم و كوڕی لە ڕێكخراوەكانی تایبەت بە ئاشـــتی و نەبوونی لایەنی فەرمی دیاریكراو بەو پرســـە، هاوكات لاوازی ئاســـتی گوزەران و تێڕوانینی نەرێنیانەی كۆمەڵگا هۆكاربووە بۆ لاوازی ڕۆڵی ژن لە بونیادنانی ئاشتیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بواری سیاسیدا بەشدارن لە حزبە سیاسیە عێراقیەكاندا.

**دووەم/ توێژینـەوەكـەی (خلالفه، 2020)، بەنـاونیشـــانی (بنـاء الســـلام من منظور الجندر: الدروس المســـتفاه من دور المرأه فی عملیات بناء السلام فی افریقیا).**

ئامانج لەم توێژینەوەیە ئاشنابوونە بە ڕۆڵی ئەو پەرەسـەندن و گەشـەسـەندنانەی كە یاسا نێودەوڵەتیەكان سەبارەت بە ڕەوشی ڕۆڵی ژن لە بونیادنانی ئاشـــتی بینیویانە و لەگەڵ هەڵســـەنگاندنی ئەو بەشـــداریانەی كە ژنان لە بوارەكانی(ســـیاســـی، ئەمنی، كۆمەڵایەتی، ئابوری، تەندروســـتی) پێشـــكەشـــی دەكەن، هاوكات لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە دەســـتنیشـــانی ئەو بەربەســـت و ئاستەنگانە بكرێت، كە بەشدارییە جۆراو جۆرەكانی ژنان سنوردار دەكەن، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەكی چۆنیەتییە بۆ گەیشتن بە ڕاســـتیەكان پشـــت بە میتودی (لێكۆڵینەوەی بار) بەســـتراوە، كۆمەڵگای توێژینەوەكەش پێكدێت لە ژنانی قارەی ئەفەریقا لە چەندین شار و ناوچەی جیاواز، كەلەبارن بۆ پێكدادانی سیاسی و ئاشتی لەوانە وەك (رواندا، بورندی، لیبریا، سیرالیون، نیجریا، السنغال، اوغندا)نمونەیەكی هەرەمەكی لە كۆمەڵگای توێژینەوەكە وەرگیراوە.

لەگرنگترین ئەو ئەنجـامـانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشـــتووە بریتین لە:- ئەنجـامەكـانی ئەم توێژینەوەیە هەموو ئەو گریمانانەی پێشـوو سـەبارەت بە پەراوێز خسـتن و بێ ڕۆڵكردنی ژن ڕەت دەكەنەوە كە پێیان وابووە ژن تەنها قوربانی ململانێ

و پێكدادانی سیاسین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژنان ڕۆڵیان لە بونیادنانی ئاشتی كۆمەڵگە دا هەبووە، لە سەرجەم بوارەكانی كۆمەڵایەتی وەك لە ڕێگەی پێگەیاندن (پەروەردەو فێركردنەوە) تاكێكی تەندروست پێدەگەیەنن كە قبوڵی جیاوازی بەرامبەری بكات، هاوكات لە ڕووی سیاسیەوە لە گفتوگۆو دانوستانەكان و بەشداریە سیاسیەكانیاندا ڕۆڵیان هەبووە، هەروەها بەشداریان وەك كارمەند لە هێزە ئەمنیەكاندا هەبووە، بەهەمان شێوە لە چالاكیە ئابوریەكانی وەك كڕین و فرۆشتن و خستنەڕووش ڕۆڵیان هەبووە و جیاواز نەبوون لە پیاوان، بە هەمان شێوە لە كەرتی تەندروستیشدا ڕولیان بینیوە هاوشانی پیاوان لە پاراستن و دەستنیشانكردن و چارەسەردا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوەی لە ئەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیدا دەركەوتووە ئەوەیە كە لەگەڵ ئەوەی ژنانی ئەفەریقا ڕۆڵیان هەبووە بەڵام ڕۆڵەكانیان زۆر كارا و چالاك نەبووە، ئەویش بەهۆی كۆمەڵێك ئاستەنگی لۆجستی و كولتوری وەكو داب و نەریت و بەهاكان و لاوازی كاری دامەزراوە و ڕێكخراوە نێودەوڵەتی وحكومی و ئەهلیەكانەوە.

**سێیەم/ توێژینەوەكەی (محمد، عبدالله، 2023) بەناونیشانی (تعزیز بناء السلام و فض النزاع عن طریق القادە المحلین، دراسە حالە فی ولایە نهر نیل).**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئاشنابوونە بە ڕۆڵی سەركردە ناوخۆییەكان لە بەرەو پێشەوە بردن و بونیادنانی ئاشتی و هاوبەندی كۆمەڵایەتیدا، لەگەڵ زانینی هەوڵ و كۆششەكانی گەنجان و ژنان لە بڵاوكردنەوەی كولتوری ئاشتی، هەروەها زانینی كێشەو ئاستەنگەكانی بەردەم ئاشتی و هاوبەندی كۆمەڵایەتی. لەم توێژینەوەیەدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكان پشت بە میتۆدی وەسفی شیكاری بەستراوە زانیارییەكانیش لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسیەوە كۆكراوەتەوە و كۆمەڵگای توێژینەوەكەش پێكدێت لە سەركردە ناوخۆییەكانی گوندی (مسیكتاب القوز) لە سودان كەلە گەنجان و ژنان پێكهاتوون و ژمارەیان 1200 كەسە، نمونەیەكی 162 كەس بەرێگەی هەرمەكی سادە لێوەرگرتوون.

لەگرنگترین ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتین لە:- لەگەڵ بوونی كۆمەڵێك ئاستەنگ بەڵام سەركردە ناوخۆییەكان لە گوندی مسیكتاب القوز تارادەیەك ڕۆڵی كاریگەریان هەبووە لە چەسپاندن و پشتیوانی ئاشتی و پێكەوە ژیانی كۆمەڵایەتیدا، هاوكات ئەم توێژینەوەیە بەو دەرئەنجامەش گەیشتووە كە گەنجان و ژنان لە ڕێگەی كۆڕ و كۆڕبەند و سمینارەوە كاریان بۆ هۆشیار كردنەوەی كۆمەڵگا سەبارەت بە پرسی ئاشتی و بڵاوكردنەوەی كولتوری ئاشتی و لەناوبردنی ناكۆكی كردووە، هەروەها لەم توێژینەوەیەدا كۆمەڵێك ڕاسپاردە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار كراوە بەمەبەستی بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسەی ئاشتی كۆمەڵایەتی.

**گفتوگۆی توێژینەوەكانی پێشوو**

١- ئامانجی توێژینەوەكان جیاوازان هەریەكەیان بۆ مەبەستێكی دیاریكراو ئەنجامدراوە.

٢- توێژینەوەكان لە بەكارهێنانی میتۆدا جیاوازن بەجۆرێك زیاتر پشتیان بە میتۆدی وەسفی شیكاری و چۆنیەتی بەستووە، لەپاڵ میتۆدی ناوبراودا میتۆدی لێكۆلینەوەی بار بەكارهاتووە هەروەك لە توێژینەوەكەی(خلالفە، 2020).

3- لەڕووی جۆری نموونەی توێژینەوەوە، توێژینەوەكانی پێشوو تاڕادەیەك لێكچوون لەنێوانیاندا هەیە جۆری نمونەكەیان لە جۆری هەرەمەكی سادەیە.

4-لەبەكارهێنانی ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاریدا توێژینەوەكان لێك جیاوازن بەجۆرێك لە توێژینەوەكەی (الحمدانی، عبدالله،٢٠١٧) سود لە چاوپێكەوتن و تێبنی وەرگیراوە و بەڵام لە توێژینەوەكەی (محمد، عبدالله، ٢٠٢٣)و (خلافە، ٢٠٢٠) سود لە فۆرمی ڕاپرسی وەرگیراوە.

5- زۆربەی توێژینەوەكان لەڕووی كات و شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەوە لێك جیاوازن.

6-لە ئەنجامی توێژینەوەكاندا بەگشتی ئەوە دەركەوتووە كە ڕۆڵی ژنان لە بونیادنانی ئاشتیدا لەسەرجەم بوارە جیاوازەكادا بوونی هەبووە بەڵام لە ئاست پێویستدا نەبووە بەهۆی ئاستەنگ یان كەم و كوڕی لە كاری ڕێكخراوەكانی تایبەت بە ئاشتی و نەبوونی لایەنی ڕەسمی دیاریكراو بەو پرسە، هاوكات لاوازی ئاستی گوزەران و تێڕوانینی نەرێنیانەی كۆمەڵگا و كولتور هۆكاربووە بۆ لاوازی ڕۆڵی ژن لە بونیادنانی ئاشتیدا.

**باسی سێیەم / بونیادنانی ئاشتی لەبەر ڕۆشنایی هزرو تیۆرەكاندا:-**

**یەكەم: بونیادنانی ئاشتی لە هزری كۆمەڵایەتیدا:-**

پرسی بونیادنانی ئاشتی هەمیشەیی، یەكێكە لەو بابەتەگرنگ و پێداویستییە كۆمەڵایەتی و سیاسیانەی كۆمەڵگەو مەرجی سەرەكی سەركەوتنی حوكمڕانی و بەرجەستەكردنی سیستمی دیموكراتییە، بارتەقای ئەم گرنگیانەش، چەمكی ئاشتی، بووەتە جێگەی بایەخپێدان و سەرقاڵكردنی ژمارەیەكی زۆر لە بیرمەندان، لەوبارەیەوە فەیلەسوفی ئەڵمانی (ئیمانۆیل كانت) لە كتێبی

(بەرەو ئاشتی هەمیشەیی هەوڵێکی فەلسەفییانە)دا جەخت لەسەر بونیادنانی ئاشتی هەمیشەیی دەکاتەوەو جەنگ بە خراپترین نەهامەتی مرۆڤ وێنا دەکات، ئەو لەم کتێبەدا هەوڵ دەدات پلانێك پێشکەش بکات تاکو مرۆڤ لەجەنگ رزگار بکات، بۆ ئەو مەبەستەش چەند بنەمایەك وەك مەرج بۆ بونیادنانی ئاشتی هەمیشەیی دیاریدەکات لەوانە:- (1- پێویستە رێکەوتنەکان بۆمەبەستی ئاشتی هەمیشەیی بێت، نەك ئاگربەست و دووبارە سەرهەڵدانەوەی جەنگ، 2- پێویستە سوپا هەمیشەییەکان هەڵبوەشێنرێنەوەو رێگە لە پێشبڕکێی خۆپڕچەککردن بگیرێت، 3- پێویستە رێز لە سەروەری ئەویتر بگیرێت، 4- نابێت لایەنەکان لە کاتی ململانێدا رەفتاری وەك (توندونیژی، تیرۆر، ژەهرخواردووکردن، خیانەتکردن) لە دژی یەکتر بەکاربێنن (کانت، 2017: 13-29).

بەشێوەیەکی گشتی (کانت) ئاشتی جیهانی بە سوودی هەموو وڵاتێك دەزانێت و پێیوایە، دەکرێت لە رێگەی پەیوەندی دۆستانەی نێوان وڵاتان و راهێنانی خەڵك و بەستنی پەیمانێکی نێونەتەوەیی کە رێگری لە دەستدرێژی و چەوسانەوە بکات، ئاشتی مسۆگەر بکرێت.

**دووەم / بونیادنانی ئاشتی لەبەر رۆشنایی تیۆرەکاندا:**

**1- تیۆری کۆمەڵناسی:-** بونیادنانی ئاشتی دەکرێت وەکو بابەتێکی کۆمەڵایەتی تەماشابکرێت و لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە کۆمەڵایەتیەکاندا شرۆڤەو شیکاری بۆ بکرێت، لەبەرئەوەی سەرجەم ڕەهەند و دەرهاویشتەکانی پەیوەستە بە ژیانی تاك و کۆمەڵ و کۆمەڵگەوە، هەر لەبەر ئەمە لەم باسەدا لەبەر رۆشنایی تیۆری هاوچەرخی (یورگن هابرماس)دا گرنگترین لایەن و ڕەهەندەکانی بونیادنانی ئاشتی دەخەینە ڕوو، یورگن هابرماس لە ساڵی (1930) لە ئەڵمانیا لە دایك بووە، یەکێکە لە دیارترین ئەو فەیلەسوفە هاوچەرخانەی کە بەهەمان شێوەو ڕێچکەی(کانت)گرنگی بە ئاشتی دەدات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە پێویستە لە پێناو پاراستن و بونیادنانی ئاشتیدا، تاکەکانی کۆمەڵگە لەجیاتی توندوتیژی و شەڕو پەلاماردانی چەکداری، پەنا بۆ گفتوگۆی ئەقلانی و زمانی لەیەك تێگەیشتن بەرن، بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی 1984 ناوەرۆکی تێڕوانینەکانی سەبارەت بە پەیوەندی دروستی نێوان تاکەکان، لە چوارچێوەی کتێبی (تیۆری کردەی پەیوەندی)دا خستەڕوو، ئەو پێوایە گفتوگۆ مەرجی هاوڕاییە، ئەو لە تیۆرەکەیدا بەدوای گونجاوترین رێگەی پەیوەندی نێوان تاکەکاندا دەگەڕێت، بەبێ گوێدانە جۆری کۆمەڵایەتی و زمان و شوناس و ئاینی تاکەکان، لەهەمانکاتدا دژی هەر تیۆر و تێزێکی زانستییە کە ببێتە هۆی لێکتێنەگەیشتن و پچڕاندنی پردی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان(زێباری، 2023: 74-88).

ئەو لە چوارچێوەی تیۆری کردەی پەیوەندیداو بەپشت بەستن و رەچاوکردنی پەیوەندی و گفتوگۆ ئەقڵانی نێوان تاکەکان، لە هەوڵی بەرجەستەکردنی ڕواڵەتەکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانەو یەکتر قبوڵ کردن و لێبوردندایە، کە بە بڕوای ئەو هەموو ئەمانەش زەمینەی بەرجەستەبوونی دیموکراتی راوێژگەری دەڕەخسێنن و سنوری بەکارهێنانی توندوتیژی و تاوان و خۆسەپێنی و سڕینەوەی بەرامبەر، کەم دەکەنەوە، دەرئەنجامی هەموو ئەمانەش دەبێتەهۆی رەخساندنی دەرفەتی گونجاو بۆ بەشداریکردنی تاك لە گفتوگۆو دانوستانەکاندا بەبێ جیاوازی(رەگەز، ئاین، نەتەوە) (حمدی، حسن، 2009: 143).

هاوکات (تیۆری بواری گشتی) یەکێکی دیکەیە لە تیۆرەکانی هابرماس، کە پەیوەندییەکی پتەوی بە تیۆری کردەی پەیوەندییەوە هەیە و هەردووکیانی بەمەبەستی بەدیهێنانی ئاشتی و پێکەوە ژیان تێکهەڵکێشی یەکتری کردووە، ئەو پێیوایە بواری گشتی ئەو مەیدانەیە کە هاوڵاتیان تیایدا کۆدەبنەوەو گفتوگۆ لەسەر رەهەندە ئابووری وسیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەن و بیروڕای خۆیان دەردەبڕن، هەربۆیە بە بایەخەوە لە بواری گشتی دەڕوانێت و پێیوایە کە پارێزگاری لە ئازادی و مرۆڤبوونی تاك دەکات و دەرفەت بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە دەڕەخسێنێت کە بەشداری لە تاوتوێکردنی پرسە جیاوازەکان بکەن (زێباری، 2023: 240).

لەبەر ڕۆشنایی تێڕوانین و تیۆرەکانی هابرماس و هاوتەریبکردنی بە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان دەگەینە ئەو بروایەی، بەهۆی نەبوون یاخود لاوازی گفتوگۆی ئەقڵانی و بەشداریپێنەکردنی جۆر و چین وتوێژە جیاوازەکان لە پرۆسەی ئاشتەوایی و سنورداركردنی ئازادی و بەرجەستەنەبوونی بنەما سەرەکییەکانی دیموکراتی، نەتوانراوە سەقامگیری راستەقینەو هاوبەندی نێوان حزب و توێژە جیاوازەکان بەرجەستە ببێت، بەڵکو هەمیشە بەرژەوەندی کەسی و حزبی و قۆرخکردنی دەسەڵات و هەوڵی سڕینەوەو خۆسەپێنی، بووەتە هۆی مەترسی بۆ سەر پرۆسەی ئاشتی، بەتایبەتی لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسیدا.

**2- تیۆری جۆری کۆمەڵایەتی(جێندر):-** جێگەی سەرنجە، کە لە هەردوو تیۆرەکەی هابرماسدا، پرسی ژن لە ڕەگەزی پیاو جیانەکراوەتەوەو بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بەجۆرێك ئەو جیاوازی لە نێوان ژن وپیاودا ناکات و هێندەی فۆکەسی لەسەر ئاشتی و دیموکراسی و پێکەوەژیان بەشداریکردنە، هێندە گرنگی بە جۆری کۆمەڵایەتی نادات، ئەمەش بەو واتایە نایات کە ژن جێگەی گرنگی پێدان و بایەخی هابرماس نییە، بەڵکو ئەو زیاتر گرنگی بە خەمڵین و بونیادنانی ئاشتی

دەدات بە بێ جیاوازیکردن وهەڵاوێردکردنی کارەکتەرەکان. هەربۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین کرۆکی تیۆری جێندەر بخەینەڕوو، سەرەتای دەرکەوتنی تیۆری جۆری کۆمەڵایەتی (Gendar)، بۆ سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، کە وەك دەرهاوێشتەو ئەنجامی خەباتی بزوتنەوەی ژنان لە چوارچێوەی سێ قۆناغدا لە پێناو بەدیهێنانی یەکسانی و مافەکانی ژناندا بەدەستهاتووە، بەجۆرێك لە قۆناغی یەکەمدا خەباتی ژنان تەنها بۆ بەدیهێنانی مافەسەرەتاییەکان بووە، بەڵام لەقۆناغی دووەمدا و بەتایبەتیش لە دوای ساڵانی حەفتاکانەوە، ژنان توانیویانە لە چوارچێوەی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆیان ڕێکبخەن و لە پێناو مافی کۆمەڵایەتی و هاونیشتیمانی بووندا خەبات بکەن، پاشان سەردەمی پۆست مۆدێرنەش دوا قۆناغی خەباتی ژن پێکدەهێنێت، کە تیایدا ئاستی خواست و داواکاری ژنان گۆرانکاری ریشەیی بەسەرداهاتووەو رەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتورییەکان لەخۆ دەگرێت، گرنگی رۆڵ و پێگەی ژنانیش لەم قۆناغەدا وای لە بیرمەندو فەیلەسوفی فەرەنسی (Gilles Lipovetsky) کردووە، کە بە تەوژم وقۆناغی "ژنی هۆشمەند " ناوی بەرێت(خلالفە، 2020: 83-84).

لایەنگرانی ئەم تیۆرییە پێیانوایە، ژن بە درێژایی مێژوو رووبەرووی توندوتیژی وستەمی جۆراوجۆر بوونەتەوە، ئەوەش دەخەنەڕوو کە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان جیاوازی لەسەر بنەمای (رەگەز) و (جۆر) هەیە، بەجۆرێك یەکەمیان جیاوازییەکی سروشتیەو دۆخێکی بایلۆجییە، بەڵام جیاوازی نێوان ژن وپیاو لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، جیاوازییەکە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سەپاندویەتی و بەهۆیەوە پیاو بەسەر ژندا باڵادەست بووەو مافەکانی زەوت کردووەو لەسەر ئاستی کۆمەڵگە پەراوێزی خستووە، لەبەرامبەریشدا پێکهاتەی کۆمەڵگە ستایشی پیاو دەکات و لەسەرجەم سێکتەرو بوارە جیاجیاکاندا دەرفەتی بۆ پیاوان رەخساندووە. هەربۆیە شوێنکەوتوانی تیۆری جەێندەر پێیانوایە مانەوەو پەرەسەندنی ئەم جیاکارییەو بەهۆی تێرنەبوونی ژن لە مافە سەرەکییەکانی بەشێوەی دادپەروەری و یەکسانی، دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی شەڕو ململانێ و ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی(بوساحە، 2018: 75-77).

کرۆکی ئەم تیۆرییە، پێداگری لەسەرئەوە دەکات کە ژن لە توانیدا هەیە ئاشتی بونیاد بنێت، ئەوەش دەخەنەڕوو کە ژنان بەسروشتی خۆیان بەسۆزو میهرەبان و لەسەرخۆن و بەبەراورد بە هەموو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە، زیاتر دەتوانن ئاشتی درووست بکەن، جگەلەوەش ژنان دەتوانن چەندین چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەك(هۆشیاری تەندروستی، هۆشیاری ژینگەیی، بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بەشداری سیاسی) ئەنجام بدەن و شان بەشانی پیاوان کاری جۆراوجۆر بکەن، کە بەبڕوای ئەوان لەسەرجەم ئەم چالاکی و کردە جۆراوجۆرانەدا سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناوە، لەو بارەیەوە (Carol Gilligan) ژنە چالاکوانی بواری ژنان لە توێژینەوەکەیدا سەبارەت بە (گەشەسەندنی منداڵی) بەو ئەنجامە گەیشتووە کە شێوەی ڕوبەروبونەوەو هەنگاوەکانی کوڕ کچ بۆ چارەسەرکردنی کێشە زۆر جیاوازە، بەجۆرێك کوڕ راستەوخۆ پەنا بۆ رووبەڕووبونەوە دەبات، بەڵام کچ پەنا بۆ گفتوگۆو دانوستان دەبات، هەربۆیە بەشداریکردنی ژن لە پرۆسەی دانوستان و بونیادنانی ئاشی لە چەند لایەکەوە سودبەخش دەبێت، لەلایەکەوە دەبێتە هۆی پیشاندانی پرەنسیپەکانی دیموکراتی و دەرخستنی تواناکانی ژن لە دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵگەی پاش جەنگ، لەلایەکی دیکەوە دەبێتە هۆی دڵنیایی زیاتر بۆ بەکارنەهێنانی توندوتیژی و گرەنتی بەردەوامبوونی رێکەوتننامەی ئاشتی(خلالفە، 2020: 88).

سەبارەت بە پراکتیزەکردنی تیۆری جێندەر لە هەرێمی کوردستاندا دەگەینە ئەو بروایەی، کە سەرەڕای ئەوەی تاکو ئێستا نەتوانراوە چەمك و دەستەواژەی جێندەر بۆ زۆرینەی هاوڵاتیان رونبکرێتەوەو تێگەیشتنێکی زانستی بۆ ئەو بابەتە بخرێتەڕوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تاڕادەیەك توانیویانە مافە(سیاسی و کۆمەڵایەتی وکارگێڕیو کلتوریی)ەکانیان بەدەست بێنن و توانیویانە لە پەرلەمان و ناوەندەکانی بڕیار لەسەرجەم سێکتەرەکانی حکومەت بە دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانیشەوە، پێگەو دەسەڵات بەدەست بێنن، ئەمەش دەرخەری ئەو راستیەیە کە تاڕادەیەك بەدەمەوەچونێکی باش لەسەر ئاستی حکومەت و کۆمەڵگە تایبەت بە پرسی ژن لە هەرێمی کوردستاندا بەدی دەکرێت.

**بەشی دووەم/ ڕۆڵی ئاشتیخوازی ژن لە لە چوارچێوەی مێژوو و یاسای نێودەوڵەتی و پلانی نێوخۆیدا.**

**باسی یەکەم / پاشخانی مێژوویی لەبارەی رۆڵی ئاشتیخوازی ژن لە باشوری کوردستان:**

بەشێوەیەکی گشتی ژن لە باشوری کوردستان خاوەنی پاشخانێکی گەورەیە لەپێگەی کۆمەڵایەتی و ڕێزو ئازادی و گرنگی پێدان، ئەم ڕاستییەش بەئاشکرا لە نوسین وبڵاوکراوەی گەڕیدەو ڕۆژهەڵاتناسەکاندا ڕەنگیداوەتەوەو زۆربەیان گەواهی ئەوەدەدەن و کۆکن لەسەر ئەوەی ژنی کورد بەبەراورد بە ژنانی عەرەب و تورك و فارس، خاوانی ئازادییەکی هەستپێکراون و شان بەشانی پیاو بەشدارن لە بەڕێوەبردنی خێزان و کاروباری دەرەوە، تەنانەت زۆرجار رۆڵی میرو سەرۆك هۆزیان بینیوەو بەرپرسیارێتی کاروباری ژمارەیەك هۆزی گەورەیان گرتۆتە دەست، لەوبارەیەشەوە هەریەکە لە(مینۆرسکی و ئەدمۆندز و سۆن)، ئاماژە بە ژمارەیەك کەسایەتی خاوەن پێگەی ژنی کورد دەکەن کە توانیویانە رۆڵی سەرکردە بگێرن و بەشداربن لە هەڵگیرساندنی شەڕلەلایەك و کوژانەوە و ئاگربەست لەلایەکی دیکەوە(سندی،2008: 164-166). هاوکات توێژەرێك ئاماژە

بەوەدەکات کە زۆرجار ژنی کورد لەکاتی شەڕو ناسەقامگیریی کۆمەڵایەتیدا پێداگرییان لەسەر پێکەوەژیان و ئاشتەوایی کردووە، هەروەك هەڵوێستی ئاشتیخوازانەی(هاجی) خانمی دایکی (مەحمود ئاغای گوندی جمانکێ)، کە لە کاتێکدا مەترسی کوشتن لەسەر ژیانی مەسیحییەکانی ناوچەکە هەبووە، بەئاشکرا بەرگری لێکردوون و بە کوڕەکانی ڕاگەیاندووە" شیری منتان پێ حەرام بێت ئەگەر ئاسوورییەکان ئازار بدەن، بەڵێن بێت هەریەکێکیان لێبکوژن، ئاگر لە جەستەی خۆم بەردەدەم"(ئەحمەد، 2015: 284)، بێگومان ئەم نمونەیە هەڵوێستی ئاشتیانەی ژنێکی کورد دەردەخات، کە کاری بۆ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان لە نێوان کوردو پێکهاتە ئاینی و نەتەوەییەکانی دیکەدا کردوە.

هەروەها گەریدەی بەرەچەڵەك فەرەنسی (کلۆدیۆس جێمس ڕیچ)، لە چوارچێوەی گەشتەکەیدا بۆ کوردستان لە ساڵی 1820دا هەڵوێستی ئاشتیانەی ژنی کورد پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت" ژنی کورد خاوەن دەسەڵاتی مەزنن، زۆرجار ئاژاوە لەنێو پیاواندا دەم کوت دەکەن، ئەگەر ئەوان نەبن بەخوێنڕشتن کۆتایی پێدێت".(سندی،2008: 143).

جێگەی باسە سەرەڕای ئەوەی لەم قۆناغەدا کۆمەڵگەی کوردی کاریگەری هەژموونی نێرسالاری و خێڵگەرایی بەسەرەوە بووە، بەڵام ژنان توانیویانە بەشداری لە کاری ڕێکخراوەیی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بکەن و ببنە بەشێك لە کاراکتەری خەبات، لەو بارەیەوە(حەپسەخانی نەقیب) لە 28ی حوزەیرانی 1930دا وەك کەسایەتییەکی خاوەن پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەشاری سلێمانی، بەمەبەستی پاراستنی ژن و داکۆکیکردن لەمافەکانیان، (کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد)ی دامەزراندووەو بەردەوام لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە پشت وپەنای ژنان بووە(ئۆمەرملی،2023: 37)، هاوکات (ناهیدە شێخ سەلام) لەساڵی 1937دا بووەتە ئەندام لە حزبی هیوادا(أمین، 2017: 595)، دواتریش لە ساڵی 1944دا لەگەڵ (نعیمە ئەحمەد)و ژمارەیەك لە ژنانی کورد لقی ئافرەتانی کۆمەڵەی(ژ.ك)یان دامەزراندو لەپاڵ خەباتی نهێنی سیاسی، کاریان لەسەر وشیاری کۆمەڵایەتی و نەتەوەییش کردووە(قادر، 2005: 69). پاشان لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم بەدواوەو لەگەڵ پێشهات و پەرەسەندنە سیاسیەکانی ئەو قۆناغەدا، زەمینەیەکی لەبار بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەو ڕێکخراوی ژنان دامەزرا، بەتایبەتی لە 11\12\1952 دا (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان)وەك ڕێکخراوێکی سەربە پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا، هاوکات لەهەمان ساڵدا (کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان)ی حزبی شیوعی عێراق دامەزراو لە تشرینی دووەمی 1989دا (یەکێتی ژنانی کوردستان) وەك ڕێکخراوێکی جەماوەری سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دامەزراو بە پاڵپشتی ناوخۆیی و دەرەکی و بە پشتبەستن بە بنەماو پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان، پاراستن و دابینکردنی مافەکانی ژنانیان کردووەتە ئامانجی خۆیان(عەبدوڵا، 2023: 84-94)، ئەوەی جێگەی سەرنجە، ژنان لەقۆناغی خەباتی چەکداری و شاخدا، جگەلەوەی وەك پێشمەرگەو کادری سیاسی و پرینپێچ وپەرستار بەشداربوون، لەهەمانکاتدا ڕۆڵی سەرەکیان لە بوارەجیاوازەکانی وەك پەروەردەو فێرکردن و چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتیەکاندا هەبووەو سیمبولێك بوون بۆ بەرجەستەکردنی ئاشتی و پێکەوەژیان (عەبدوڵا، 2٠2٣: 16)، بەڵام لەم قۆناغەدا هیچ سەرچاوەو زانیارییەك سەبارەت بە بەشداریکردنی ژن لە دانوستانەکانی تایبەت بە وەستاندنی شەڕو هەوڵدانیان بۆ فشار خستنە سەر لایەنەکان بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەشەڕ و ململانێکان بەردەست ناکەوێت، ئەمەش بەو واتایە دێت کە لەم قۆناغەدا ژنان نەیانتوانیوە ببنە فشار لەسەر لایەنەکانی بەشدار لە شەڕی براکوژی، بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە شەڕو ململانێ چەکدارییەکان.

پاشان لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری 1991 و پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەهۆی ململانێی سەختی نێوان حزبە سیاسیەکان و لە سەرووی هەمووشیانەوە شەڕوو ململانێی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، بارودۆخی هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەی ناسەقامگیری سیاسی کۆمەڵایەتی هەنگاویناوەو بەهۆیەوە چەندین کەس بوونەقوربانی شەڕی ناوخۆ(حسێن، 2022: 125)، بێگومان لەم قۆناغەشدا ژنان بە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ زەرمەندی ئەو ململانێیانەبوون، هەر لەسەر ئەوە بنەمایە ژنان داکۆکیکەری پرسی ئاشتی بوون.

هەروەك لە دوای ڕاپەڕین و لە کاتی شەڕی ناوخۆی نێوان حزبەکاندا (1994-1998) هەوڵیانداوە بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەشەر، فشار لەسەر حزبەکان درووست بکەن، بۆ ئەو مەبەستە لە 24\5\1994دا (204) ژن کە پێکهاتبوون لە کەس و کاری شەهیدان و چین وتوێژە جیاوازەکان و بەسەرپەرشتی (یەکێتی ژنانی کوردستان) ڕێپێوانێکیان لە شاری سلێمانییەوە بەرەو هەولێر ئەنجامداو بەدرووشمی ئاشتی، لەبەردەم پەرلەمانی کوردستان و بارەگای یەکێتی و پارتی کۆبوونەوەو داوای وەستاندنی شەڕو پاراستنی دەستکەوتەکانی ڕاپەڕینیان کرد(سەیوان، 1997: 2-3)، لەلایەکی دیکەوە بەمەبەستی رەتکردنەوەی ڕووداوەکانی 31\8\1996 و هەوڵدان بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆ، ڕێکخراوی(یەکێتی ژنانی کوردستان) بەهاوکاری (ڕێکخراوی خوشکان و ئافرەتان)، بەڕێپێوانێکی ئاشتیانە لە شاری سلێمانی بەرەو بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆیشتن و مانگرتنیان ڕاگەیاند(عەبدوڵلا، 2023: 68). ئەگەرچی هەوڵی ژنانی کورد لەم قۆناغەدا، ئەنجامێکی ئەرێنی بە ئاڕاستەی کۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆ لێنەکەوتۆتەوە، بەڵام هاوشێوەی ژنانی جیهان توانیویانە هەوڵەکانی خۆیان لەپێناو ئاگربەست وبونیادنانی ئاشتی لەکۆمەڵگەدا بخەنەگەڕ.

خەباتی مەدەنی ژنانی ئاشتیخواز بە جۆرو شێوەی جیاواز بەردەوامیان هەبووە، هەروەك لە ساڵی 2000ڕێپێوانێكی فراوانی (1000كەسی) ئەنجامدرا، دژی كوشتنی ژنان و فرە ژنی ڕێپێوانەكە لە فولكەی دەستەكەوە دەستی پێكرد و بەرەوە بەردەركی سەرا بەڕێكەوتن(ڕێكخراوی ڕاگەیاندن و روناكبیری ژنان، 2014: 21).

پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بكرێت كە قۆناغی دوای ڕاپەڕین وەرچەرخانێكی گەورەبووە لە ژیانی سیاسی ژنان و بەشداری كارایان لە ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابوری وپەروەردەیدا، هەروەك لە خولە یەك لە دوایەكەكانی پەرلەمانی كوردستاندا ژنان وەك دەنگدەرو كاندید ئامادەبوونیان هەبووەو بەردەوام ژمارەیەك لە ژنان بوونەتە ئەندامی پەرلەمان، تەنانەت لەیەكەم خولی پەرلەمانی كوردستاندا لەكۆی (105) ئەندام پەرلەمان، (6)ئەندامیان ژن بووە، كە دەكاتە ڕێژەی (5.7%) وە لە كۆی (564) ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانییەكانیش، (21) ئەندامیان ژن بووە، (الزیباری، 2006: 78)، بەڵام لە خولی دووەمدا لەدوای پەسەندكردنی (ڕێژەی كۆتا بۆ ژنان)، ژمارەی ژن لە پەرلەمانی كوردستاندا بۆ (28) ئەندام بەرزبۆتەوەو لە خولەكانی دواتریش هەربەو شێوەیە ڕوو لە زیادبوون بووە، جگەلەوەش لە كابینە جیاوازەكانی حكومەتیشدا لەئاستی وەزیرو بریكارو دادوەرو بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرەكاندا پشكیان هەبووە، بەردەوام ڕێژەكەیان لەزیادبووندبووە(شەریف، 2019: 187-188).

هاوكات دەكرێت ئاماژە بەوە بكەین، كە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری 1991وە، پرسی ژن و كاركردن لەسەر پاراستن و بەدیهێنانی مافەكانیان، لەژێر هەوڵ و كۆشەكانی ژناندا مەودایەكی فراوانی لە ئەجندای كاری حكومەتی هەرێمی كوردستاندا داگیر كردووە، لەو چوارچێوەیەشدا جگەلەوەی لەسەرجەم سێكتەرو پێگە گرنگەكانی حكومەتدا پشكی ژن دیاریكراوەو بوونیان هەیە، لەهەمانكاتدا دامەزراوەی تایبەت بە ژن لەناو هەیكەلی حكومەتدا دامەزرێنراوە، لەوبارەیەوە لە 14ی كانوونی یەكەمی 2009دا (ئەنجومەنی باڵای خانمان دامەزراوە)، كە ڕاستەوخۆ سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانەو سەرۆكەكەی پلەی وەزیری هەیە، جگەلەوەش لە ساڵی 2010دا بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، دامەزرا(قەرەداغی، 2018: 189)و لە ئێستادا (شەش) بەڕێوەبەرایەتی و (28) نوسینگە لە شارو شارەدێیەكاندا بوونیان هەیە، كە ڕاستەوخۆ بەرگری لە مافەكانی ژن دەكەن و پاڵپشت و پارێزەری سكاڵا جۆربەجۆرەكانی ژنانن و كار لەسەر پەرەپێدانی توانای مرۆیی و دابینكردنی خزمەتگوزاری و بونیادنانەوەی كەسێتی و پاراستنی ژیانی ئەو ژنانە دەكەن، كە توندوتیژییان بەرامبەر دەكرێت و ژیانیان ڕووبەڕوی مەترسی بووەتەوە(رەفیق و ئەوانی تر، 2018: 29-34). لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە ئێستادا نزیكەی (300) ڕێكخراوی داكۆكیكار لە مافەكانی ژن لە هەرێمی كوردستاندا بوونیان هەیەو ڕاستەوخۆ سەر بە فەرمانگەی ڕێكخراوە ناحكومییەكانن و لەلایەن حكومەت و ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكانەوە فەندو سەرچاوەی داراییان بۆ دابین دەكرێت، ئەمەش لەكاتێكدایە كە سەرەڕای ئەوەی هەندێك لەو ڕێكخراوانە هەموو تواناكانی خۆیان بۆ بەدیهێنانی مافەكانی ژن تەرخانكردووەو توانیویانە چەندین برگەی یاسایی وەك ماددەی (59، 62) لەبەرژەوەندی ژنان بچەسپێنن، یەكەمیان تایبەتە بە ڕێگری كردن لە كوشتنی ژن بە بیانووی شەرەف و ئەوەی دووەمیشیان تایبەتە بە سنووردارکردنی پرسی فرەژنی هەموو ئەم هەوڵانە بە ئاقاری بەرجەستەكردنی ئاشتیدایە (یاسین، 2012: 12).

هاوكات لە دوای دەركەوتنی (داعش)و دەستپێكردنی هێرش و پەلامارەكانی بۆ سەر هەرێمی كوردستان لەهاوینی ساڵی (2014)دا، كە هۆكاربوو بۆ ئاوارەبوونی نزیكەی (250) هەزار كەس لە ڕۆژئاوای كوردستان، نزیكەی (2) ملیۆن هاوڵاتی ناوچەكانی شەنگال و دەشتی نەینەوا رویان لە هەرێمی كوردستان كرد، كە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، ژنان و كچانی كورد بەگشتی و ژنانی پێكهاتە ئاینییەكانی وەك (ئێزدی، مەسیحی، كاكەیی، شەبەك..)بەتایبەتی، رووبەڕوی درندانەترین شێوازی مامەڵەی توندوتیژی وەك(بەكۆیلەكردن، كڕین و فرۆشتن، كوشتن، ئاوارەبوون، زیندانیكردن، توندوتیژی سێكسی) بوونەتەوە، هەموو ئەمانەش بارودۆخی ئابووری وسیاسی و كۆمەڵایەتی هەرێمی كوردستانی سەخت تر كردوو رەوشی ئاسایشی ناوچەكە بەناراستەی ناسەقامگیری و نەبوونی دڵنیایی هەنگاوینا، ئەم ڕووداوانەش هەرزوو بوونە جێگەی سەرنجی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە پلانێكی تۆكمەوە لەڕێگەی ڕێكخراوەكانی تایبەت بە ژنانەوە كاریان بۆ بەهاناوەچوونی ئاوارەكان بەگشتی و ژنانی ئاوارەو دیلەكانی دەستی داعش كرد(زەنگەنە،2017: 29-31)، بەتایبەتیش دوای ئەوەی كە(نادیە موراد) یەكێك بوو لەو هەزاران كچ و ژنە قوربانیانەی كوردی ئێزیدی و وەك پەنابەر گەیشتە وڵاتی ئەڵمانیا، وەك گەواهیدەرێكی رزگاربوی دەستی داعش و قوربانی شەڕ، پەردەی لەسەر ژیانی سەخت و برمەینەتی كچانی ئێزدی هەڵماڵی و داوای لە نەتەوە یەكگرتوەكان و وڵاتانی جیهان كرد، بەهانای پێكهاتەكان بەگشتی و كچان وژنانی ئێزدییەوە بێن و لەو دۆزەخەی داعش بوی درووست كردوون ڕزگاریان بكەن، ئەم چالاكی و ڕەوایەتیەی نادیە موراد وای لە نەتەوەیەكگرتووەكان كرد، نازناوی فەخری(باڵوێزی ئاشتی)، بە(نادیە موراد) ببەخشێت (قەرەداغی، 2018:214-215).

مێژووی روداو و پەرەســـەندنە ســـیاســـیەکان ئەو ڕاســـتییەیان ســـەلماندووە کە زۆرینەی ڕەهای ململانێ و جەنگ و ناسەقامگیرییە سیاسیەکان لەباشوری کوردستان، کاریگەری و لێکەوتەی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگەو ئاشتی کۆمەڵایەتی درووست دەکات، لەو چوارچێوەیەشـــدا ژنان قوربانی یەکەمی ئەو رووداوانەن، کە بەهۆیەوە رووبەڕووی (کێشـــەی خێزانی، کوشـــتن، گرتن، دەســـتدرێژی ســـێکســـی، هەراســـانکردن، تێکچونی باری دەروونی..)دەبنەوە، زۆرجاریش ژنان بەهۆی جەنگ و ململانێکانەوە روبەڕووی ژیانێکی ســـەختی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی وەها دەبنەوە کە تاســـاڵانێکی زۆر گیرۆدەی زەبری کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەبن و ئەنجامەکەشـــی بە دارمان و پەککەوتنی پرۆســـەی پێکەوە ژیان و ئاشـــتی کۆمەڵایەتی کۆتایی پێدێت(قەرەداغی، 2018: 118)، بەرمەبنای ئەم راســـتیانەو لەژێر کاریگەری فشـــارو چالاکییەکانی ژنان، زۆربەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و تەنانەت رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان درکیان بە خراپی دۆخی ژنان و مەترســـیەکانی ســـەر ژیانیان کردووەو بەپێویســـتیان زانیوە کە بەیاســـا ژن و پێگەی ژن لە ململانێ و پێکدادان و جەنگەکاندا بپارێزن هەموو ئەمانەش ئەرك بەرپرســـیارێتی رێکخراوە لۆکاڵییەکانی ژنانی قورســـترکرد، کە دەبوو بەپێشـــتگیری کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی و شـــانبەشـــانی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان کار لەســـەر دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروســـتی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ ئاوارەکان بکەن و هەوڵەکانیشیان بۆ رزگارکردنی دیلەکان بەگشتی و ژنان و کچان بەتایبەتی چڕبکەنەوە.

**باسی دووەم / پرسی ژن لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری 1325 ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ساڵی 2000**

ئەنجومەنی ئاسـایشـی نێودەوڵەتی لە دانیشـتنی (4213)ی 31تشـرینی یەکەمی سـاڵی(2000)دا بڕیاری ژمارە(1325)ی لە ژێر ناونیشانی (ژن، ئاشتی، ئاسایش) دەرکرد، کە تایبەتە بە پاراستنی ژن و زیادکردنی پێگەی ژن وەك رەگەزێکی سەرەکی لە بڕیاردان و ئامادەبوونی لە گفتوگۆو دانوسـتانەکانی تایبەت بە کۆتایی هێنان بە شـەڕو بەرجەسـتەکردن و بونیادنانی ئاشـتی. ئەم بڕیارە پێکهاتووە لە 18 ماددە، کەتیایدا داوای ڕۆڵپێدان و مسۆگەر کردنی مافەکانی ژن دەکات، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئاشتی و ئـاســـایش و ســـەرجەم ئەو وڵاتـانەش بە جێبەجێکردنی ئەم بڕیـارانەوە پـابەنـد دەکـات، کە واژویـان لەســـەر ئەم بڕیـارە کردووە(S/RES/1325،2000). بەشـــێوەیەکی گشـــتی دەکرێت بڕگەو ماددەکانی ئەم بڕیارە لە چوار تەوەرەی ســـەرەکیدا بخەینەڕوو:-

**تەوەرەی یەکەم:-** هەڵاواردنی ژنان، بەپێی ماددەی یەك لە بڕیای 1325 پێویســـتە بە هەمووشـــێوەیەك رێگری بکرێت لە هەڵاواردکردنی ژنان و دوورخستنەوەو جیاکاری کردن و رێگریکردنی ژنان لەسەر بنەمای ڕەگەز، ئەم مادەیە جەختت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە هەمووان دان بە مافەکانی ژندا بنێن و ئازادییە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانیان بۆ فەراهەم بکرێت و زەمینەی یەکسـانی ژن لەگەڵ پیاودا برەخسێنن، بەتایبەتی بەشـدارپێکردنی ژنان لە دانوسـتانەکانی تایبەت بە راگرتنی جەنگ و زەمینە سازکردن بۆ ژن تاکو لە پرۆسەی بونیادنانی ئاشتی رۆڵ ببینن.

**تەوەرەی دووەم:-** تونـدوتیژی دژ بە ژنـان، یەکێکی دیکە لەو تەوەرانەی ئەم بڕیـارە، بریتییە لە رێگریکردن و رووبەڕووبونەوەی هەموو جۆرە تونـدوتیژییەك کە بەرامبەر بە ژن بکرێـت، ئەمەش خۆی لە هەموو هەوڵ و ڕەفتـارێکـدا دەبینێتەوە کە لەسەر بنەمای دەمارگیری رەگەزی، ببێتە هۆی ئازاردان یاخود نیگەرانی ژن لەرووی سێکس یاخود جەستەیی یان دەروونی.

**تەوەرەی سێیەم:-** توندوتیژی لەســەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، بریتییە لە ڕێگری کردن لە هەر کردەو رەفتارێکی زیان بەخش کە لە دژی تاك یان کۆمەڵ لەسەر بنەمای جۆر(ژن، پیاو) ئەنجام بدرێت، کە بێگومان ئەم جۆرە توندو تیژییەش هەریەکە لە(توندوتیژی سێکسی،توندوتیژی خێزانی، هاوسەرگیری پێشوەخت، بازرگانی کردن بە مرۆڤ...) دەگرێتەوە.

**تەوەرەی چوارەم:-** توندوتیژی سێکسی لە چوارچێوەی شەڕدا، ناوەڕۆکی ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایش، بەتوندی لەدژی هەموو کردەیەکی توندوتیژانەی وەك(لاقەکردن، بەزۆر بەشوودان، بەزۆر دووگیان کردن، بەکۆیلەکردنی سێکسی، لەشفرۆشی و نەزۆککردنی بەزۆر، یاخود هەرکردەیەکی دیکەی بەزۆر)دەوەســـتێت، کە لە دژی ژن یاخود پیاو لە ماوەی شـــەڕو پێکدادانە چەکدارییەکاندا، ئەنجام بدرێت (دلیل ارشادی لقرار مجلس الآمن 1325 حول المراه والسلام و الامن، 2020: 13).

جێگەی ئاماژە پێکردنە، ئەم بڕیارە ئەرك و بەرپرسیارێتی ژن زیاتر دەکات، بەجۆرێك کە پێویستە لەکاتی ئاشتی دا کاربۆ پاراستنی ئاشتی بکەن و رێوشوێنی مەنتقی و راست بگرنە بەر، لەهەمانکاتدا لەکاتی ململانێی و ناسەقامگیرییدا ببنە هۆکارێك بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕو کوشتار و تواناکانیان بۆ بونیادنانی ئاشتی بەگەڕبخەن.

ئەم بڕیارە بەمەبەستی بەرز راگرتنی پێگەی ژن و زەمینە سـازکردن بۆ ڕۆڵبینیان لە کایە جیاوازەکاندا، پێداگری لەســەر جێبەجێکردنی ئەم هەنگاوانە دەکات، کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

زیادکردنی ڕێژەی ژن لە بەشداریکردنی سەرجەم ئاستەکانی بڕیاردان و دانوستانەکان و هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی ململانێکان، هاوکات ڕێگەدان بە بەشداریکردنی ژنان لە نێو هێزەکانی پاراستنی ئاشتی.

پەرەپێدانی توانای قبوڵ کردنی پرسی جێندەر لەلایەن کارمەندانی ئاشتی پارێزو ڕاهێنانیان لەسەر ئەو بابەتە.

چارەسەرکردنی کێشەی جێندەر لە کاتی ئاشتیداو هەڵوەشاندنەوەی سوپا و دووبارە تێکەڵکردنەوەیان لەگەڵ کۆمەڵگە.

ڕاهێنان بە هێزەکانی ئاشتی پارێز و پۆلیس، لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ژنان (بوسبیل و بیل،تقریر حول تامین السلام، النساءالترتیبات الامنیه فی عملیات السلام، 2018)

سزادانی هەموو ئەوانەی لەکاتی جەنگدا تاوانیان بەرامبەر بەژن ئەنجامداوەو دوور کەوتنەوە لە هەوڵی لێخۆش بوونیان (شماع، 2022: 23). بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەش، سکرتاریەتی ئەنجومەنی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵی 2009 بڕیاری (1889)ی دەرکرد، کە ناوەڕۆکەکەی خۆی لە چوار بنەمای سەرەکیدا دەبینێتەوە کەبریتین لە (ڕێگریکردن، پاراستن، بەشداریکردن، دەستپێکردنەوە)(تەها، 2021، https://jinhaagency.com)، بەشێوەیەکی گشتی جەختکردنەوەیە لە سەر جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بڕیاری 1325.

**باسی سێیەم/ پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر بە پرسی ژن و جێبەجێکردنی بڕیاری 1325ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی**

بەشێوەیەکی گشتی بڕیاری 1325ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەیەکێك لە گرنگترین بڕیارو بەڵگەنامە نێو دەوڵەتییەکان دادەنرێت کە ڕاستەوخۆ داوای پاراستن و ڕۆڵپێدان و بەرجەستەکردنی مافەکانی ژن دەکات، بەمەبەستی پاراستنی ئاشتی و ئاسایش، هەر ئەمەش وایکردووە کە هەرلەسەرەتاوە ژمارەیەکی زۆر لە وڵاتان ئامادەیی خۆیان بۆ پابەندبوونی ئەم بڕیارە بخەنەروو لەسەروو هەمووشیانەوە عێراق و هەرێمی کوردستان، پلانی نیشتیمانییان بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری 1325ی ئەنجومەنی ئاسایش دارشت و لە ڕێگەی پەرلەمان و دامەزراوە شەرعییەکانەوە، ڕێوشوێنی پێویستیان بۆ جێبەجێکردنی گرتۆتەبەر، بۆ ئەو مەبەستە لە چوارچێوەی کارێکی هاوبەشی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نیسانی 2004 دا پلانی نشتیمانی بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە ڕاگەیاندرا کە لەم خاڵانەی خوارەوە پێکهاتووە:-

**یەکەم:** بەشداریکردنی ژن لە پرۆسەی بڕیاردان.

**دووەم:** بەشداریکردنی ژن لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا وەك(بەربژێر و دەنگدەر).

**سێیەم:** دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و پاڵپشتی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ژنانەی ڕووبەڕووی توندوتیژی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە.

**چوارەم:** درووستکردن و پەرەپێدانی ڕۆشنبیری یەکسانی جێندەری لەنێوان هەردوو ڕەگەز، لە ڕێگەی پەروەردەو هۆشیارکردنی کۆمەڵگە.

**پێنجەم:** پاراستن و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ژنانی ئاوارە.

حەوتەم: هەموارکردنەوەی یاساکان و گونجاندنیان لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان، لە بەرژەوەندی ژنانی قوربانی توندوتیژییەکان.(زەنگەنە،2017: 34-36)، (الخطه الوطنیه لقرار مجلس الامن 1325 جمهوریه العراق).

هاوکات بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پلانی نشتیمانی و لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوشی ژنان، وەزارەتی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لیژنەیەکی تایبەتی بەناوی (لیژنەی 1325) پێکهێنا وڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بەهاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و زانکۆکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی کۆمەکبەخش و ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان ئەرکی چاودێری کردنی پلانەکە بگرنە ئەستۆ.

هەموو ئەمانەی لەسەرەوە باسکرا دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگرنگییەوە لە مافەکانی ژن دەڕوانێت و هەنگاوی درووستی ناوە بۆ بەشداری کردنی ژنان لەبونیادنانی ئاشتی دانان بە مافەکانیان لەڕێگەی یاساوە.

**بەشی سێیەم / میتۆد و ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە**

**باسی یەکەم / میتۆدی توێژینەوەکە**: هەرتوێژینەوەیەکی زانستی پشت بە میتودێك یان چەند میتودێکی دیاریکراو دەبەستێت، بەوپێیەی بەجیاوازی سروشتی بابەتەکان میتۆدەکانیش جیاوازن بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین پێناسەی میتۆد بکەین(بەو ڕێگای توێژەر بەکاری دەهێنێت، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و پۆلێنکردن و ڕاڤەکردنیان لەو توێژینەوە زانستیەی کە ئەنجامی دەدات) (الحسن،1999،ص599). سروشتی بابەت و دیاردەکان دەستنیشانی میتۆدی بەکارهێنراو لە توێژینەوەدا دەکات، لەم توێژینەوەیەدا لەبەرئەوەی دەربارەی ڕۆڵی ژنە لە بونیادنانی ئاشتی کە بابەتێکی فرە ڕەهەندە و کاریگەرییەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵ و کۆمەڵگا هەیە، هەربۆیە لە پێناو بە دەستهێنانی زانیاری پێویستدا پشت بە میتودی تێکەڵ(چۆنیەتی، چەندێتی) دەبەستین،

لەمیتۆدی چەندێتیدا ســودلە میتۆدی وەســفی شــیکاری بە بەکارهێنانی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی دەبەســترێت وە لەڕێگەی پێوەرەوە زانیارییەکان کۆدەکرینەوە، پاشان لە میتۆدی چۆنیەتی دا لەڕێگەی چاوپێکەوتنی کراوەوە زانیارییەکان کۆدەکرینەوە.

**یەکەم / میتۆدی تێکەڵ**:- ئەم میتۆدە سنورەکانی تاك میتۆدی تێ دەپەڕێنێت ئەمەش بەهۆی پێکەوە بەستنی میتۆدی چۆنیەتی بە چەندێتیەوە بۆ گەیشتن بە هەڵوێستێکی نوێ، سەرەتای دەرکەوتنی ئەم میتۆدە بۆ سەرتای ساڵی شەستەکان و جەختکردنەوە لە یەکگرتنی پـارادایم دەگەڕێتەوە(cresweell,2007:224)، ئەم میتۆدە بە چەنـدین شــێوازی جیاواز بەکـار دێت، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە جۆری پاڵپشتی کردنە بە زانیارییە چۆنایەتەیەکان(دعم البيانات الكيفيه)، لەم شێوازەدا توێژەر بە چەند پرسیارێکی چۆنایەتی پاڵپشتی ئەنجامە چەندایەتیەکان دەکات و شیکردنەوەی زیاتریان بۆ دەکات بە گوێرەی واقع (محەمەد پور، 1397: 134).

توێژەر ڕێگەی ناوبراوی بەکارهێناوە دوای کۆکردنەوەی زانیاریەکان بە هەردوو ڕێگای (پێوەر و چاوپێکەوتن)، پاشـــان زانیاریی جۆری و چەندایەتیەکان تێکەڵ و ڕاڤە کراون.بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە چەندایەتیەکان پشـــت بە میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەستراوە هەروەك لە خوارەوە ئاماژەی پێدەدەین: -

**دووەم / میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی:-** یەکێکە لەگرنگترین ئەو میتۆدە ســــەرەکیـانەی کەلە توێژینەوە کۆمەڵایەتی و وەســـفیەکاندا بەکاردێت بۆزانینی خەســـڵەتەکانی دیاردەیەك لەنێو گروپێك لە کات وشـــوێنێکی دیایکراودا، لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرســـی یان چاوپێکەوتن یان تێبینیەوە کۆدەکرێتەوە (عقيل، 1999: 79). لە بواری مرۆییدا ڕووپێویی کۆمەڵایەتی دووجۆر دەگرێتەوە، یەکەم: (ڕووپێویی گشـــتی):ئەم جۆرە هەموو تـاکەکـانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە دەگرێتەوە، دووەم:(ڕووپێویی بە ڕێگەی وەرگرتنی نموونە) ئەم جۆرە واتە وەرگرتنی بەشێك لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە بۆ ئەوەی لێکۆلینەوەی لەسەر بکرێت بە مەرجێك ئەو بەشـــەی کە وەردەگرێت نوێنەرایەتی راســـتەقینەی کۆمەڵگای توێژینەوەکە بکات (أبو عمه واخرون، بدون ســـنه الطبع: 16). لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕوپێویی کۆمەڵایەتی بە ڕێگەی نموونە بەکارهێنراوە، بەو پێیەی کە جۆری توێژینەوەکە وەسفیە بەهۆی پێوەرەوە زانیاری لەسەر نمونەیەك لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی لە کۆلێجە مرۆڤایەتی و زانستیەکان بۆ ساڵی (2022– 2023)، کۆدەکرێتەوە بەئامانجی شـــیکارکردن و ڕاڤەکردنیان بەشـــێوازی زانســـتی و دەرهێنانی ئەو ئامانجانەی توێژینەوەکە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات.

**ســێیەم/ میتۆدی مێژوویی**: بەکارهێنانی میتۆدی مێژوویی لە توێژینەوە سـۆسـیۆلۆجیەکاندا بەمەبەسـتی گەیشـتنە بە ڕێسـا گشتیەکان لەڕێگەی توێژینەوە لە ڕووداوە مێژوویەکانی ڕابردوو و شیکردنەوەی ئەو ڕاستیانەی پەیوەستە بەو کێشە مرۆیی و کۆمەڵایەتیانەی لە ئێســتادا هەن.هاوکات ئەم میتۆدە بەڕێگایەکی گرنگ دەژمێرێت لەبواری کۆمەڵناسـیدا، بۆ زانینی سـروشـتی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان و ڕیشە مێژوویەکەی و پێش کەوتنەکانی بە گوێرەی قوناغە جیاوازەکان(حسن، ١٩٧١: ٤٠٤-٤٠٥).

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا ســودی لە میتۆدی مێژوویی وەرگرتوە لە لایەنی تیۆریدا کە باس لە مێژووی ڕۆڵی ئاشــتیخوازی ژن دەکات لە باشوری کوردستان، تیایدا بە شێوەیەکی تیروتەسەل شیکردنەوەی پێویست بۆ ڕۆڵی ئاشتیخوازی ژن بەدرێژای مێژووی هاوچەرخی کورد کراوە بە مەبەستی گەیشتن بە زانیاری پێویست دەربارەی ڕاستی و واقعی سروشتی ڕۆڵەکانیان.

**باسی دووەم / ڕێکارە مەیدانیەکان**

**یەکەم / کۆمەڵگە و نمونـەی توێژینەوەکە**: کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتیەلە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی* کە ژمارەیان (1792) کەسە بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2023) وەك لەم خشتەی ژمارە(1) ڕوون بۆتەوە

خشتەی (1)

| مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی | مامۆستای یاریدەدەر | | مامۆستا | | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | | پرۆفیسۆر | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ |
| 1792 | 450 | 360 | 430 | 210 | 260 | 97 | 65 | 20 | 1205 | 587 |

* . هۆکاری وەرگرتنی مامۆستایانی زانکۆ وەك نمونەی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ، مامۆستایان لە ئاستێکی بەرزی هۆشیاری و تێگەیشتن و درککردندان لە واقع و ئاشنان بە ئەو گۆرانکاریانەی لە دەوروبەردا ڕوودەدات و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ ڕووداوەکان هەیە (محمد، 2020: 272).

كارێكی قورســـە بۆ توێژەر هەموو تاكەكانی كۆمەڵگایەك وەربگرێت و پرســـیاریان لێبكات، بۆیە توێژەر پەنا دەباتە بەر وەرگرتنی نموونەیەك لە كۆمەڵگای توێژینەوە.

بەبڕوای (ننلی) بۆ ئەوەی كاریگەری ڕێكەوت لەسەر دیاریكردنی نمونەی توێژینەوەكە كەم بكرێتەوەو ڕاستی و درووستی لە شـــیكردنەوە ئامارییەكاندا هەبێت، پێویســـتە بۆ هەریەكێك لە برگەكانی پێوەر، لانی كەم(5)كەس وەك نمونەی توێژینەوە وەربگیرێت(nunally, 1978: 262).

واتە: ژمارەی نمونەی توێژینەوەكە = 5 × 27(ژمارەی برگە) = 135

واتە (135) كەس وەك نموونەی ئەم توێژینەوەیە وەرگیرا، ســـەبارەت بە جۆری نموونەكەش (مەبەســـتدارە) لە (جۆری پشكەكان)، واتە هەڵبژاردنی پشكێك لە هەموو چینەكان چونكە ئەم جۆرە نموونەیە زانیاری لە كۆمەڵێكی دیاریكراو وەردەگرێت كاتێك بۆ چەند یەكەیەكی بچوكتر دابەش كراین (بۆكانی، 2016: 144).

جۆری نموونەی دووەم بەشـــێوەی مەبەســـتدارە لە جۆری نمونەی (تۆپەڵە بەفرینە) كە بە چەند قۆناغێكی یەك لە دوای یەك چاوپێكەوتنی ڕێكخراو زانیارییەكان كۆدەكرێتەوە(لطفی، 2010: 159) لەم توێژینەوەیەدا چاوپێكەوتن لەگەڵ ژنانی چالاكوان لەبواری داكۆكیكەر لە پرســـی ژنان ئەنجامدراوە، یەك یەك پاشـــان لەڕێگەی هەریەكێكیناوە بە یەكێكی دیكە ئاشـــنا كراین تاكو لە كۆتایدا ژمارەیان بوو بە (8) ژنی چالاكوان.

**دووەم/ ئـامرازەكـانی كۆكردنەوەی زانیـاری:-** لەم توێژینەوەیەدا پشـــت بە پێوەر و فۆرمی چـاوپێكەوتن بەســـتراوە بۆ كۆكردنەوەی زانیارییە چۆنایەتی و چەندییەكان.

**پێوەر:-** یەكێكە لەئـامرازەكـانی كۆكردنەوەی زانیـاری وبریتیە لە فۆرمێك كۆمەڵێـك پرســـیـاری تـایبەت بە توێژینەوەكە لەخۆدەگرێت،ڕووبەڕووی بەشێكی زۆری كۆمەڵگەی توێژینەوەكە دەكرێتەوە،ئەوپرسیارانەش پەیوەندی بەرەوشی ئەوكەسانەوە هەیە كەنموونەی توێژینەوەكەن، هەروەها پەیوەندی بەو زانیاری و هوشـیارییانە هەیە لەســەر ڕووداو گرفتەكان، بەمەبەســتی دۆزینەوەی وەڵامی پرســـیـارەكـان وگەیشـــتن بەو ئـامـانجـانەی كەلە توێژینەوەكەدا خراوەتەروو (عفیفی،298،2010). لەم توێژینەوەیەدا پێوەر بەكارهاتوە، بۆ ئامادەكردنی ســود(لەو نوســراو پێناســانەی توێژەر لەپەرتووكەكاندا دەســتیكەوتووە، لەگەڵ تیۆرەكان، توێژینەوەكانی پێشوو، بریاری 1325 ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ساڵی 2000 بۆ پاراستنی ئاشتی،هەروەها تێڕوانینی واقعی بۆ ڕۆڵی ئاشتیخوازی ژن لە مێژووی هاوچەرخی كورددا) وەرگیراوە.

پێوەرەكە لەســـەرەتا پێكهاتبوو لە (29) پرسـیار، پاش ئەوەی لەلایەن هەندێك لە شـــارەزایانی* بواری كۆمەڵناســـی و كاری كۆمەڵایەتیەوە هەڵســـەنگاندنی بۆ كرا، پاشـــان ڕاســـتگۆیی ڕواڵەتی بۆ برگە پەســـەندەكان دەرهێنرا، بەپێی ئەو پێوەرەی تاقیكراوەتەوە دەركەوتوە، ڕاستگۆی فۆرمەكە بریتیە لە 93.33% هەروەك لە خشتەی (2) دەركەوتووە،پاشـان(2) پرسیاری لێ لابراو گۆڕانكاری لە هەندێك برگەدا كراو لە كۆتایدا مایەوە (27) برگە.

خشتەی (2)

بۆچوونی پسپۆران وشارەزایان دەربارەیی ڕاستگۆیی برگەكانی پێوەر دەخاتە ڕوو

| ذ | ژمارەی برگە | تەوەر | رازی | نارازی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 1,2,3,4,5,6,7,8,9,10 | ئاشتیخوازی ژن لە بواری كۆمەڵایەتیدا | 9 | 1 | %90 |
| 2 | 1,2,3,4,5,6,7,8,9,10 | ئاشتیخوازی ژن لە بواری سیاسیدا | 9 | 1 | %90 |
| 3 | 1,2,3,4,5,6,7,8,9 | ئەگەری بوونی ئاستەنگ لەبەردەم ژن بۆ دەستەبەركردنی ئاشتی | 9 | - | %100 |
| | 29 | | 27 | 2 | %93.33 |

پاشـان بۆ جێگیركردنی پێوەرەكە پشت بە ڕێگەی دووبارە تاقیكردنەوە بە ستراوە، دووجار یەك پێوانە لەسـەر یەك نموونەی (15) كەسـی لە مامۆسـتای زانكۆ جێبەجێكرا لە دوو كاتی جیاوازدا دەركەوت بەهای وەڵامەكانیان (0.88) هەروەك لە خشـتەی (3) دەركەوتووە، ئەمەش نیشانەی بوونی پەیوەندە بەهێزە لە نێوان وەڵامی پرسیار نامەكە لە دوو كاتی جیاوازدا.

* . پ.د. طاهر حسۆ میر زیباری، زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێژی ئاداب، بەشی كۆمەڵناسی، پسپۆری كۆمەڵناسی سیاسی
پ.د. ئاسۆ ابراهیم عبدلله، زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان، بەشی كۆمەڵناسی، پسپۆری كۆمەڵناسی كولتوری
پ.د.نجاه محمد فرج، زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان، بەشی كۆمەڵناسی، پسپۆری كۆمەڵناسی ڕێكخستن
پ.ی.د. میران محمد صالح، زانكۆی سۆران، كۆلێجی پەروەردەی بنەرەت، بەشی كۆمەڵناسی، پسپۆری كۆمەڵناسی سیاسی
پ.ی.د. لقمان صالح كریم، زانكۆی سلێمانی، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان، بەشی كۆمەڵناسی، پسپۆری كاری كۆمەڵایەتی



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خشتەی (3)
جێگیر کردنی پێوەر لە ڕێگەی دووبارە تاقیکردنەوە دەخاتەڕوو.

| جێبەجێکردن | بەروار | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی | هاوکۆلکەی پەیوەستی سپیرمان | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | 11l9l2023 | 0.41759 | 1.73 | 0.88 | بەهێز |
| دووەم | 15l9l2023 | 0.47020 | 1.73 | | |

٢- **فۆرمی چاوپێکەوتن:-** چاوپێکەوتن بریتیە لە پەیوەندیەکی پیشەیی لە نێوان توێژەر ولێتوێژراو،یان زیاتر لە کەسانێك لەچوار چێوەی بنەماو ڕێسای دیاریکراو بە مەبەستی جێبەجێکردنی پرۆسەی یارمەتی دان و کۆکردنەوەی زانیاری (برهم،2005،ص90)،دیارە چاوپێکەوتن بە چەند جۆرێکی جیاواز ئەنجام دەدرێت،یەکێك لەو جۆرانە بەپێی جۆری پرسیارەکان دابەش دەبێت بۆ سێ جۆر ئەویش (چاوپێکەوتنی کراوە(غیرمقننە)،چاوپێکەوتنی داخراو(مقننە)، چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە(شبە مقننە)، لەچاوپێکەوتنی کراوەدا،پرسیارەکان کراوەن و سەربەستی تەواو دەدرێت بە لێتوێژراو تا گوزارشت لە بارودۆخ و کێشەکانی بکات، بەڵام لە چاوپێکەوتنی داخراودا توێژەر چەند پرسیارێکی دیاریکراو لە ئامادە دەکات کە هاوشێوەی فۆرمی ڕاپرسییە و زۆرێك لە پرسیارەکان وەڵامەکانیان دیاریکراون و لە فۆرمەکەدا بوونیان هەیە، چاوپێکەوتنی نیمچە کراوە لەم جۆرەدا پرسیارەکان نە زۆرکراوە و نەزۆر داخراون (لطفی،2010:177) لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە سود لە چاوپێکەوتنی کراوە وەربگیرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەڕێگەی ئامادەکرنی فۆرمێکی تایبەت بە چاوپێکەوتن کە (6) پرسیاری لە خۆ گرتبوو، ماوەی خایاندنی چاوپێکەوتنەکان (2-3) کاتژمێر بووە.

**سێیەم /بوارەکانی توێژینەوەکە:-** ئەم توێژینەوەیە سێ بواری سەرەکی لەخۆی دەگرێت کە بریتین لە:-

ا- بواری مرۆیی:- بواری مرۆیی توێژینەوەکە پێکدێت لە مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کە ژمارەیان (135) کەسە لەگەڵ ژنانی چالاکوان لە شاری سلێمانی کە ژمارەیان (8) کەسە.

ب- بواری شوێن:- ئەم توێژینەوەیە لە سنوری شاری سلێمانی ئەنجام دراوە.

ج- بواری کاتی:- توێژینەوەکە لە 11l7l2023دەستی پێکردوە و لە25l10l2023کۆتایی پێهاتوە، واتە کاتی جێبەجێکردنی لایەنی تیوری و مەیدانیش دەگرێتەوە.

**چوارەم /ئامرازە ئاماریەکانی توێژینەوەکە:-** توێژەر لە شیکردنەوەی زانیاریەکاندا پشتی بە جانتای ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان S.P.S.S بەستوە.

## بەشی چوارەم /خستنەڕووی ئەنجامە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە و دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکان

### باسی یەکەم: خستنەڕووی ئەنجامە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە بەپێی ئامانجەکان

**یەکەم/ خستنەڕووی زانیارییە گشتیەکانی نمونەی توێژینەوەکە:-** شیکردنەوەو لێکدانەوەی زانیارییە گشتیەکان، بە یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی لایەنی مەیدانی توێژینەوە دادەنرێت، چونکە لەو ڕێگەیەوە ئاشنا دەبین بە تایبەتمەندیی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە، لەهەمانکاتدا پەیوەستن بە ئامانجی توێژینەوەکەوە، هەربۆیە لەم بەشەدا بە وردی ئەنجامی توێژینەوەکە بەجیاوازی ئەم گۆڕاوانە دەخرێتە ڕوو:-

خشتەی (4)
خستنەڕووی زانیارییە گشتیەکانی نمونەی پێوەری توێژینەوەکە

| گۆڕاو | بژاردە | دووبارە | % | کۆی طشتی | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | کو | % |
| ڕەگەز | نێر | 79 | 58.5 | 135 | 100 |
| | مێ | 56 | 41.5 | | |



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| تەمەن | 32-41 | 54 | 40 | | |
| | 42-51 | 70 | 51.9 | | |
| | -52زیاتر | 11 | 8.1 | | |
| پلەی زانستی | مامۆستای یاریدەدەر | 65 | 48.1 | 135 | 100 |
| | مامۆستا | 43 | 31.9 | | |
| | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | 22 | 16.3 | | |
| | پرۆفیسۆر | 5 | 3.7 | | |
| پێشینەی کۆمەڵایەتی | ناو شار | 124 | 91.9 | 135 | 100 |
| | دەرەوەی شار | 11 | 8.1 | | |
| باری خێزانی | سەڵت | 30 | 22.2 | 135 | 100 |
| | خێزاندار | 99 | 73.3 | | |
| | جیابوەوە | 6 | 4.4 | | |

هەروەك لە ئەنجامەکانی خشتەی (4) دا دەردەکەوێت زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (58.5%)لەڕەگەزی نێرن، ئەمەش هەروەك لە خشـــتەی (1) ئاماژەی پێدرا زۆرینەی ڕێژەی مامۆســـتا لە زانکۆی ســـلێمانی، کە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن لە ڕەگەزی نێرن، هاوکات زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بە ڕێژەی (51.9%)تەمەنیان لە نێوان (51-42) ساڵیدایە، هۆکاری ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لەدوای بەدەســـتهێنانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا و پاش بە دەســـتهێنانی نازناوی زانســـتی ئەوجا دەبێتە مامۆســـتا ئەوەش پێویســـتی بە تێپەڕینی تەمەن هەیە و بێگومان ئەوەش لەکەســـێك بۆ کەســـێکی دیکەش دەگۆڕێت، هەروەها بەڕێژەی (48.1%) نمونەی توێژینەوەکە مـامۆســـتـای یـاریـدەدەرن ئەمەش هەروەك لە خشـــتەی (1) دەرکەوتووە (مامۆستای یاریدەدەر) زۆرترین ڕێژەیان هەیە لە زانکۆی سـلێمانی، وەبە ڕێژەی (91.9%) نمونەی توێژینەوەکە دانیشتووی ناوشارن، لە کۆتایشدا بەڕێژەی (73.3%) باری کۆمەڵایەتیان خێزاندارە.

خشتەی (5)

خستنەڕووی زانیارییە گشتیەکانی ژنانی چالاکوان کە چاوپێکەوتنایان لەگەڵ ئەنجامدراوە

| ذ | ناو | تەمەن بەساڵ | شوێنی لەدایکبوون | بڕوانامە | پیشە | پۆست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پەخشان عبدالله حسین زەنگەنە | 76 | سلێمانی | ماستەر | پەرلەمانتاری خانەنشین | - |
| 2 | نەرمین عثمان حسن | 72 | کۆیە | ماستەر | وەزیری خانەنشین | سەرپەرشتیاری گشتی پرۆژەکانی ئینستیوی ئارین بۆ توێژینەو و بڵاوکردنەوە |
| 3 | نازەنین عثمان حسن | 65 | کۆیە | دکتۆرا | خانەنشین | - |
| 4 | لیلی عبدالله محمد | 60 | سلێمانی | بکالوریوس | توێژەری کۆمەڵایەتی | سەرۆکی یەکێتی ژنان لقی سلێمانی |
| 5 | تانیا کمال دەرویش | 57 | سلێمانی | بکالوریوس | خانەنشین | سەرۆکی ڕێکخراو |
| 6 | ئەمەل جەلال محمد | 58 | سلێمانی | بکالوریوس | فەرمانبەر | سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار |
| 7 | بەسمە محمد مصطفی حەبیب | 52 | خانەقین | دکتورا | مامۆستای زانکۆ | سەرۆکی ئەکادیمیای ژنان بۆ سەرکردایەتی لە عێراق |
| 8 | ترێ محمود محمد | 42 | سلێمانی | ناوەندی | شاعیر و ڕۆژنامەنوس | - |

هەروەك لە خشـــتەی (5) دەردەکەوێت، نمونەی توێژینەوەکەمان کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە، تەمەنیان لە نێوان (42- 76) ســاڵیدایە، زۆربەیان هەڵگری بڕوانامەی (بکالوریۆســن، ماســتەر، دکتورا) ن، زۆربەیان ئەرك و بەرپرســیارێتیان هەیەو سەرەرای چالاکیان لە بواری داکۆکی لە مافی ژندا.

**دووەم/ خستنەڕووی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکان و گفتوگۆکردنیان:-** لێرەدا هەوڵدەدەین وەڵامی زانستی دروست بۆ ئامانجەکان کە دەبنە ئەنجام بۆ توێژینەوەکە ئامادەبکەین، لە ڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی تێکەڵەوە.

**ئامانجی یەکەم: دەستنیشانکردنی ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری کۆمەڵایەتیدا:-** بۆمەبەستی دیاریکردنی ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری کۆمەڵایەتیدا هەستاین بە ئامادەکردنی پێوەرێك لەگەڵ فۆرمێکی چاوپێکەوتن، لەپێوەرەکەدا دوای بە دەستهێنانی داتاکان هەستاین بە دەرهێنانی هەریەکەلە ناوەندی ژمێرەیی و گریمانەیی، لە نمونە(135) یەکەییەکەدا، پاشان بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (t.test)، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان دەستکەوت:

خشتەی (6)

خستنەڕووی ئاستی ئاشتیخوازی ژن لەبواری کۆمەڵایەتیدا

| ناوەندە ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوانەیی | جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی | نمرەی ئازاد | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 28.41 | 21 | 7.05 | 7.41 | 134 | 12.204 | 1.978 | 0.000 |

لە ئەنجامەکانی خشتەی(6)دا دەردەکەوێت، ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە وەڵامدانەوەی بڕگەکانی ئاستی ئاشتیخوازی ژن لەبواری کۆمەڵایەتیدا گەیشتووەتە(28.41) نمرە، لە کاتێکدا ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (21) نمرەیە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت)ی بۆیەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەرکەوت بەهای (ت) هەژمارکراو دەگاتە(12.204)، ئەمەش گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە ڕێژەکەی دەگاتە(1.978) لە ئاستی دەلالەتی (0.000) و پلەی ئازادی (134). ئەم ئەنجامە ئەوەدەردەخات کە جیاوازیەکی ئاماژەی ئاماری لەنێوان ناوەندی ڕاستەقینەو ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکەدا بە قازانجی ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە هەیە، ئەم ئەنجامە ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە ڕۆڵی ئاشتیخوازی ژن لە بواری کۆمەڵایەتیدا لە شاری سلێمانی لەئاستێکی بەرزدایە، چونکە ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە لە (21)ەوە زیادی کردووە بۆ (28.41) بە جیاوازی (7.41) ئەمەش جیاوازیەکی زۆرە. هۆکاری دەرکەوتنی ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە درێژایی مێژوو، ژنی کورد قوربانی سەرەکی کولتور و ناسەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بوون و ڕووبەڕووی ژیانێکی سەختی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونی بوونەتەوە، هەربۆیە چەند لە توانایاندا بوبێت کاریان بۆ پتەوبوونی پەیوەندی و هاوبەندی کۆمەڵایەتی و چاندنی بەهای لێبوردەیی و پێکەوەژیان وسەقامگیری کۆمەڵایەتی و کۆتایی هێنان بەتوندوتیژی و هزی توندڕەوی لەچوارچێوەی کاری (پەروەردەی خێزانی، پەروەردە و فێرکردن، ڕێکخراوەیی،یاسا، فەرمانبەر،چالاکوان،...هتد) کردوە، هەروەها سروشتی کەسێتی ژن و نەرم و نیانی و میهرەبانی یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی بەرجەستەکردنی ڕۆڵی ئاشتیخوازی ژن لە بواری کۆمەڵایەتیدا. لەلایەکی دیکەوە جێبەجێکردنی بڕیاری 1325 ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ساڵی 2000 لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە هۆکاربووە بۆ کەمبونەوەی توندوتیژی خێزانی و ژنان، هەروەها ڕەخساندنی دەرفەتی کارا بۆ بەشداری ژن.

ئەم ئەنجامەش لەگەڵ توێژینەوەکەی (الخلافە، 2020)دا یەکدەگرێتەوە، سەبارەت بە ڕۆڵی ئاشتیخۆازی ژن لە بواری کۆمەڵایەتیدا.

لە لایەکە دیکەوە لە ئەنجامی چاوپێکەوتنە کراوەکەدا کە لەگەڵ(8) ژنە چالاکوانەکاندا ئەنجامدراوە، سەبارەت بەڕۆڵی ئاشتیخوازی ژن لە بواری کۆمەڵایەتیدا گەیشتووین بەو ئەنجامانەی خوارەوە:-

(تانیا کمال دەرویش(ئاماژە بە وە دەکات" کە ژن بە خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەڵگری پەیامی ئاشتی یەو خەمی گەورەی پێکەوەیی هەیە لەناو خێزاندا و ئەم تایبەتمەنیەشی گوزارەوتەوە بۆ ئەو ناوەندانەی کە کاری تێدا دەکات". هەرلەوبارەیەوە (ئەمەل جەلال محمد) دەڵێت " ژنی کورد بەگشتی و ژنی شاری سلێمانی بەتایبەت خاوەنی تایبەتمەندی میهرەبانی) ن لەهەموو بوارو سێکتەرە جیاوازەکانی ژیانیاندا کاربۆ پێکەوەیی و ژیان دۆستی دەکەن"

هاوکات)لیلی عبدالله محمد)، پێی وایە" ژنان لەماوەی ڕۆلە جیاوازەکانیان داهەوڵیان بۆ نەهێشتنی توندوتیژی و بلاوکردنەوەی قبوڵکردنی ئەوانی دی و پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکانیان لە سەربنەمای خۆشەویستی و لێبوردەیی داوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە توندوتیژی لە کۆمەڵگەی کوردیدا بنەبڕبکرێت ئەویش بۆهۆی بوونی ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئامادەگی بوونی توندوتیژی لە ناخ و دەروونی تاکدا". لەلایەکی دیکەوە( ترێ محمود محمد(دەڵێت " ژنان پارێزەر کولتور و بەها جوانەکانی وەك پەیوەندی کۆمەڵایەتین، هاوکات کارکتەری سەرەکین لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بۆ بنەبڕکردنی توندوتیژی " هەر لەو بارەیەوە)د.بەسمە محمد مصطفی حەبیب) جەخت لەوە دەکات " کە ژن خۆی پەروەردەی دەستی خێزانەو لە خێزانەوە فێری(یارمەتی، لێبوردەیی، قبوڵکردنی جیاوازی، ڕێزگرتنی ئەوانی دی، بەدەم یەکەوە چوون،دروستکردنی پەیوەندی)دەبێت، هەربۆیە کاتێك کە ژنی کورد بە گشتی لە ناوەندەکانی جێبەجێکرندا ڕۆڵ دەبینن،



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ڕۆڵەکانیان لەوەدا دەردەکەوێت، کەم تازۆر بەشداربوون لە پاراستن و بونیادنانی ئاشتیدا، هەروەك کاتێك وەك چالاکوان ڕۆڵیان بینیوە لە پاراستن و دەستەبەرکردنی مافەکانی ژن لە ڕووی یاساوە وەك (یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی خێزانی، هەموارکردنەوەی یاسای باری کەسێتی)، ئەم یاسایانە تارادەیەك هاوکاربووە لە کەمکردنەوەی توندوتیژی دژ بە ژن.

هاوکات(پەخشان زەنگەنە)، ئاماژە" بەڕۆڵ و بەشداری ژنان دەکات لە دوای ساڵی 1991 ەوە لەسەرجەم کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگە سیمبولی بەرجەستەکردنی ئاشتی کۆمەڵایەتی بوون و فاکتەرێکی بەهێزی پشت بە خۆبەستن بوون و کارابوون لە پاراستن و بەدەستهێنانی مافەکانی ژن هاوکات ئاماژە بەڕۆڵ و بەشداریی ژن دەکات لە چارەسەری کێشە کۆمەلایەتیەکان لەڕێگەی دەرچواندن و هەموارکردنەوەی یاساکانەوە".هاوکات(د. نازنین عثمان حسن) دەڵێت" ژن ئاشتیخوازەو حەز بە شەڕو کوشتن ناکات"

سەبارەت بە ڕۆڵی ژن لە کەمکردنەوەی توندو تیژی خێزانی(نەرمین عیمان حسن) دەڵێت " لەگەڵ ئەوەی ژنان لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی کاری زۆریان کردووە بۆ کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە، بەراورد بە وڵاتانی هەرێمی لە کوردستان توندوتیژی کەمترە، خەباتی ژنان وایکردووە لە وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بکرێتەوە و لە هەموو پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان بەڕێوەبەرایەتی هەبێت، ئێستا دەیان ژنی چالاکوان و ڕێکخراوی ژنان و سەنتەری هۆشیاری یاسایی و کۆمەڵایەتی هەن کە ژنان بەڕێوەیان دەبەن، ساڵانە دەیان کۆنفرانس دەکرێت، ئەوانە هەمووی بەرهەمی بەشداریی ژنانە، بەڵام دەکرا باشتر و کاریگەرتر بێت".

ئەم ئەنجامەش تیۆری کردەی پەیوەندی (هابرماس) و تیۆری جۆری کۆمەڵایەتی (جیندەر) دەکاتە ڕاستی، بەجۆرێك هابرماس لە چوارچێوەی تیۆری کردەی پەیوەندیداو بەپشت بەستن بە پەیوەندی وگفتوگۆی ئەقڵانی نێوان تاکەکان، لە هەوڵی بەرجەستەکردنی ڕواڵەتەکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانەو یەکتر قبوڵ کردن و لێبوردندایە، کە بە بڕوای ئەو هەموو ئەمانەش زەمینەی بەرجەستەبوونی دیموکراتی راوێژگەری دەرەخسێنن و سنوری بەکارهێنانی توندوتیژی و تاوان و خۆسەپێنی کەم دەکەنەوە ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ڕەوشی ڕۆڵبینینی ژن لە کایە جیاوازەکاندا لە بونیادنانی ئاشتی کۆمەڵایەتیدا هاوڕایە.

هاوکات بەدەستهێنانی بەرزی ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری کۆمەڵایەتیدا بە هۆی سروشت و تایبەتمەندی ژن، تیۆری جیندەر(جۆری کۆمەڵایەتی) دەکاتە ڕاستی، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەم تیۆرە جەخت لەوە دەکات، کە ژن بەسروشتی خۆی بەسۆزو میهرەبان و لەسەرخۆن و بەبەراورد بە هەموو جۆر و ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە، زیاتر دەتوانن ئاشتی درووست بکەن، جگەلەوەش جەخت لەوە دەکەنەوە کە ژن لە توانایدا هەیە، چەندین چالاکی کۆمەڵایەتی وەك(پەروەردەیی، بڵاوکردنەوەی هۆشیاری، بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، گفتوگۆ، چەند ڕۆڵی جیاواز لە یەك کاتدا) ئەنجام بدەن و شان بەشانی پیاوان کاری جۆراوجۆر بکەن و سەرکەوتنیشی تێدا بەدەستبهێنن.

**ئامانجی دووەم: دەستنیشانکردنی ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری سیاسیدا:** بۆ مەبەستی دیاریکردنی ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری سیاسیدا پشت بە پێوەر و چاوپێکەوتن بەستراوە، لەدوای دەستکەوتنی زانیاریەکان لە پێوەری توێژینەوەکەوە هەستاین بە دەرهێنانی هەریەکەلە ناوەندی ژمێرەیی و گریمانەیی، لە نمونە(135) یەکەییەکەدا، پاشان بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (t.test)، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان دەستکەوت:

خشتەی (7)

خستنەڕووی ئاستی ئاشتیخوازی ژن لەبواری سیاسیدا

| ناوەندە ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | لادانی پێوانەیی | جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی | نمرەی ئازاد | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 21.08 | 21 | 6.64 | 0.08 | 134 | 0.514 | 1.978 | 0.000 |

لە ئەنجامەکانی خشتەی (7)دا دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە وەڵامدانەوەی بڕگەکانی دیاریکردنی ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری سیاسدا گەیشتووەتە (21.08) نمرە، لە کاتێکدا ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکە (21) نمرەیە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (ت)ی بۆیەك نمونە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەرکەوت بەهای(ت) هەژمارکراو دەگاتە (0.514)، بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی کە ڕێژەکەی دەگاتە(1.978) لە ئاستی دەلالەتی (0.000) و پلەی ئازادی (134). ئەمە ئەوەدەردەخات کە جیاوازیەکی ئاماژەی ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندی ڕاستەقینەو ناوەندی گریمانەیی پێوەرەکەدا بە قازانجی ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە بەڵام جیاوازیەکە زۆر کەمە، ئەم ئەنجامە ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری سیاسیدا لە شاری سلێمانی لەئاستێکی نزمدایە، چونکە ناوەندی ژمێرەیی نمونەکە لە(21)ەوە زیادی کردووە بۆ(21.08) بە جیاوازی (0.08) ئەمەش جیاوازیەکی زۆر کەمە.

هۆکاری دەرکەوتنی ئەم ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مێژووی ناسەقامگیری سیاسی لە باشوری کوردستان ئەو ڕاستییەی سەلماندووە، کە ململانێ و پێکدادانی سیاسی و جەنگ، کاریگەری و لێکەوتەی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگەو ئاشتی کۆمەڵایەتی درووست دەکات، لەو چوارچێوەیەشدا ژنان زەرمەندی یەکەمن و رووبەڕووی (کێشەی خێزانی، بێوەژنبوون، کوشتن، گرتن، دەستدرێژی سێکسی، هەراسانکردن، تێکچونی باری دەروونی،کێشەی گوزەران..)دەبنەوە، کە تا ساڵانێکی زۆر گیرۆدەی زەبری کاریگەرییە نەرێنییەکان دەبن و ئەنجامەکەشی بە تێکچوونی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆتایی پێدێت، بەرەمبەی ئەم راستیانەو لەژێر کاریگەری فشارو چالاکییەکانی ژنان، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دا، هەوڵدراوە بەیاسا مافی ژن و پێگەی ژن بپارێزن، ژن بەشداری سیاسی هەبێت و خۆی وەك رەگەزێکی سەرەکی لە بڕیاردان و گفتوگۆ و دانوستانەکانی تایبەت بە کۆتایی هێنان بە ململانێ بەرجەستەکردن و بونیادنانی ئاشتی ڕۆڵی هەبێت، بەڵام ئەوەی لە ئەنجامەکانی پێوەرەکەوە دەستکەوتووە، سەرباری زەمینە سازیەکان بەڵام ڕۆڵەکان بۆ بەرجەستەکردنی ئاشتی سیاسی لە ئاستی پێویستدا نیە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژن لەهەر پلەو پایەکی حزبی و حکومی و تایبەتیشدا بێت ئەجندای خۆی وەك ژنێك جێبەجێ ناکات بەڵکو تەنها جێبەجێکەری بڕیارەکانی سەرو خۆیەتی جا هەر لایەن و دەستەو گروپ و کەسێك بێت. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ توێژینەوەکەی (الخلافە، 2020)دا یەکدەگرێتەوە، سەبارەت بە ڕۆڵی ئاشتیخوازی ژن لە بواری سیاسیدا، لەهەمانکاتدا لە ئاست پێداویست نەبوونی ڕۆڵەکەیان لە بەرجەستەکردنی ئاشتی تەواوەتی.

لەو بارەیەوە ئەو ئەنجامانەی کەلە چاوپێکەوتنی ژنە چالاکوانەکاندا بەدەست هاتووە جەخت لە لاوازی ڕۆڵی ئاشیخوازی ژن دەکەن لە بورای سیاسیدا هەروەك لە خوارەوە گرنگترینیان دەخەینە ڕوو:-

(د. نازەنین عثمان حسن)، جەخت لەوە دەکاتەوە" کە سەرەڕای ئەوەی ژن بەشداریان لە زۆربەی سێکتەرەکان کردووە، هەروەك وەزیر و پەرلەمانتار و جێگری سکرتێری حیزب و سەرکردایەتی حیزب و مەکتەبی سیاسی، بەڵام بەشداری بەشی زۆریان سنووردارکراون، بۆ نموونە هیچ لەو وەزیرە ژنانە لەو وەزارەتانە دانەبوون کە راستەوخۆ پەیوەندی بە داڕشتنی سیاسەت و پەیوەندی سیاسی هەبێت زیاتر لە سەکتەری خزمەتی کۆمەڵایەتی و شارستانیەت بووە" هاوکات ئاماژەی بەوەشدا کە " ژمارەی پەرلەمانتاری ژن بە هۆی کۆتا گەیشتوتە ٣٠٪ بەم ژمارەیە ناتوانن زۆرایەتیان هەبێت، لە نێو حیزبەکانیش ژنان بەشدار نابن لە گفتووگۆکان و دانوستاندنی نێوان حزبەکان یان هەرێم و بەغدا،بەڵام جەخت لەوەش دەکاتەوە کە بەشداری ژن لە نێو قاعیدە زۆر کاران ورۆڵی سەرەکیان هەیە". هەرلەوبارەیەوە(پەخشان زەنگەنە) و (ئەمەل جەلال محمد) جەخت لەوە دەکەنەوە کە " ژنانی رۆشنبیرو ئاشتیخواز بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەوڵەکانی خۆیان لەپێناو ئاگربەست وبونیادنانی ئاشتی لە رێگەی خەباتی مەدەنیەوە خستوتەگەڕ. بەڵام ڕۆڵەکانیان لە بارەی دانوستان و گفتوگۆ ودروستکردنی پەیوەندی دبلوماسی ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی لە ئاستی زۆر لاواز دایە"

هاوکات(د.بەسمە محمد مصطفی حەبیب) پێی وایە "بەشداری سیاسی ژن هەیە بە لام بەشدارییەکان تەنیا ڕوکەشن و لە ئاست پێویستدا نین و لە گفتوگۆ و دانوستانەکان و پەیوەندی دبلوماسیدا هەر نابینرێن ئەگەر هەشبن ئەجندای حزب و پیاو جێبەجێدەکەن وەك ژنێك ڕۆڵنابینن. " لەلایەکی دیکەوە (تانیا کمال درویش) دەڵێت" تەنها بەشدارن لەناوەندەکانی بڕیار و هاوبەشیان لە بڕیاردان‌دا پێنەکراوە" هەروەها نەرمین عیمان حسن لە بارەی ڕۆڵی ئاشتیخوازی ژن لە بواری سیاسیدا دەڵێت " لە هەرێمی کوردستان ژنانی ناو حزبە سیاسییەکان لەسەر ئاستی سەرکردایەتی لیژنەی باڵایان هەیەو زوو زوو کۆدەبنەوە و سەردانی سەرکردایەتیی حزبەکان دەکەن بۆ ئەوەی دووربکەونەوە لە رق و ئاشتی بەرقەرار بکەن، بڵاوکردنەوەی پەیام بۆ یەکگرتوویی و تەبایی و وەلاوەنانی کێشەکان، بەڵام لەسەر ئاستی گفتوگۆی نێوان حزبەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە گەورەکان، بەشداریی ژنانم نەبینیوە، پێموایە رۆڵیان لە سفرەوە نزیکە"

دەرکەوتنی ئەم ئەنجامانە لەلایەك پشت ڕاستی بەشداری ژن دەکات لە سەرجەم ناوەند و ئۆرگانە جیاوازەکانی حزبی و حکومی، ئەوەش دەرخەری هەوڵەکانی ژنانە بەگشتی بۆ بەرجەستە کردنی ئاشتی سیاسی، بەجۆرێك ژنانی رۆشنبیروئاشتیخواز بەبێ لەبەرچاوگرتنی بیروبۆچوون هاوشێوەی ژنانی جیهان بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، هەوڵەکانی خۆیان لەپێناو ئاگربەست وبونیادنانی ئاشتی خستوتەگەر، بۆ ئەو مەبەستەش لە رێگەی چالاکی و خەباتی مەدەنی توانیویانە فشار لەسەر لایەنە ناکۆکەکان دروست بکەن لە قۆناغە جیاوازەکاندا، بەڵام ئەنجامێکی ئەرێنی بە ئاراستەی کۆتایی هێنان بەململانێکان لێنەکەوتوتەوە.

لەلایەکی دیکەوە،دروستکردنی ئەنجومەنی باڵای خانمان، هەروەها چەسپاندنی رێژەی کۆتا لەو دەسکەوتە گرنگانەن کە دەرفەتێکی باشی بۆ بەشداری سیاسی ژن ڕەخساندوە، جگەلەوەش زەمینە سازی و ئاسانکاری بۆ ژن کراوە تا لە ناوەندی بڕیار لە کابینە جیاوازەکانی حکومەتیشدا لەسەر ئاستی وەزیرو بریکارو دادوەرو بەڕێوەبەری گشتی و بەڕێوەبەرەکاندا پشکیان هەبێت، ئەمەش دەرخەری جێبەجێکردنی بڕیاری 1325 ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ساڵی 2000 لەلایەن هەرێمی

کوردستانەوە، بەڵام ئەو بەشدارییانە زیاتر ڕووکەشی بوون و دەرفەت بۆ ژنانی بەتواناو لێهاتووی ناحزبی نەڕەخساوە بەڵکو لەسەربنەمای حزبی و بنەماڵەیی وبەهۆی پاڵپشتی بەرپرسەوە پلەو پۆستەکان بەدەستهاتوون، لەبەرئەوە زۆربەی جار ئەو ژنانە نەیانتوانیوە نۆمایندەی ژنانبن کاربۆ ئاشتی و سەقامگیری سیاسی بکەن، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی کەسی و حزبی کاریان کردووە.

خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرخەری ئەو ڕاستییە کە جێبەجێکردنی تیۆری هابرماس لەگەڵ واقعی ڕۆڵی ئاشتیخوازی سیاسی ژندا ناگونجێت، هابرماس هەردوو تیۆری(کردەی پەیوەندی) و (بواری گشتی)، بەمەبەستی بەدیهێنانی ئاشتی و پێکەوە ژیان تێکهەڵکێشی یەکتری کردوون، پێیوایە بەپشت بەستن و رەچاوکردنی پەیوەندی ئەقڵانی نێوان تاکەکان، ڕواڵەتەکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە و یەکتر قبوڵ کردن و لێبوردن بەرجەستەدەبێت، زەمینە بەرجەستەبوونی دیموکراتی راوێژگەری دەرەخسێنن و توندوتیژی کەم دەکەنەوە، دەرفەتی گونجاو بۆ بەشداریکردنی تاك لە گفتوگۆو دانوستانەکاندا بەبێ جیاوازی(رەگە، ئاین، نەتەوە) دەرەخسێت، بەڵام خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرخەری ئەو ڕاستییەن، بەهۆی نەبوون یاخود لاوازی گفتوگۆی ئەقڵانی و بەشدارییپێنەکردنی ژن لە پرۆسەی دانوستان و پەیوەندی دبلۆماسی سنورداركردنی ڕۆڵەکانیان لە ناوەندەکانی بڕیار و پۆستە باڵاکان، دەسەڵاتی یاسادانانداا، بەهۆی زاڵبوونی ئایدۆلۆژیاو بەرژەوەندی حزبی و کەسی و کولتوری پیاوسالاری و بەرجەستەنەبوونی بنەماسەرەکییەکانی دیموکراتی، نەتوانراوە ژن بەشداری کارای لە دەستەبەرکردنی ئاشتیدا هەبێت، ئەمەش یەکێکە لە مەترسیەکان بۆ سەر پرۆسەی ئاشتی، بەتایبەتی لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسیدا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە تیۆری جۆری کۆمەڵایەتی (جیندەر) یشدا ئاماژە بەوە کراوە کە ژن زیاتر لە پیاوان ئەتوانن ئاشتی بەرجەستەبکەن، ئەویش بە هۆی سروشتی نەرم و نیانی ژن خۆیەوە.

**ئامانجی سێیەم / دەستنیشانکردنی ئەگەری بوونی ئاستەنگ لەبەردەم ڕۆڵی ئاشتیخوازی ژن**:- سەبارەت بە ئەگەری بوونی ئاستەنگ لەبەردەم ڕۆڵی ئاشتیخوازی ژندا، لەدوای دەستکەوتنی زانیاریەکان لە پێوەری توێژینەوەکەوە هەستاین بە دەرهێنانی هەریەکەلە ناوەندی ژمێرەیی و گریمانەیی، لە نمونە(135) یەکەییەکەدا، پاشان بەبەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری (t.test)، ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان دەستکەوت:-

خشتەی (8)
خستنەڕووی ئەگەری بوونی ئاستەنگ لەبەردەم ڕۆڵی ئاشتیخوازی ژندا

| بڕگە | ژ. بڕگە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای (ت) خشتەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لە دێر زەمانەوە کۆمەڵگەی کوردی پێگەی شیاوی بە ژن بەخشیوە. | 20 | 3.67 | 1.04 | 134 | 41.097 | 1.978 | 0.000 |
| ژنی کورد بەراورد بە ناوچەکانی دەوروبەر ئازادییان زیاترە. | 22 | 3.53 | 1.09 | 134 | 37.617 | 1.978 | 0.000 |
| یاساکانی ڕۆڵپێدانی ژن بەباشی جێبەجێکراون. | 25 | 3.19 | 1.23 | 134 | 29.967 | 1.978 | 0.000 |
| کلتوری کوردی ئەرکی ژنی لە چوارچێوەی خزمەتی خێزاندا قەتیس نەکردووە | 27 | 2.74 | 1.35 | 134 | 23.603 | 1.978 | 0.000 |
| ژن لە کۆمەڵگەی کوردیدا قوربانی کولتوری نێر سالارییە | 19 | 2.70 | 1.29 | 134 | 24.309 | 1.978 | 0.000 |
| خێزانی کوردی بەئەستەم ڕێگە بە بەشداری سیاسی ژن دەدات. | 26 | 2.58 | 1.20 | 134 | 24.961 | 1.978 | 0.000 |
| لایەنی پەیوەنیدار بڕوایان بە تواناکانی ژن نیە | 23 | 2.49 | 1.06 | 134 | 27.357 | 1.978 | 0.000 |
| لایەنی فسیۆلۆجی ژن ئاستەنکی وەزیفی بۆ دروستکردوون. | 24 | 2.47 | 1.18 | 134 | 24.422 | 1.978 | 0.000 |
| ڕێکخراوەکان لە ئاست پێویستدانین بۆ بەدەمەوەچوونی پرسی ژن | 21 | 2.30 | 1.00 | 134 | 26.712 | 1.978 | 0.000 |

لە ئەنجامەكانی خشـــتەی (8)دا دەردەكەوێت كە وەڵامی نمونەی توێژینەوەكە ســـەبارەت بە بڕگە ئەرێنیەكان بە پلەی بەهێز دەركەوتوون، هەروەك ناوەندی ژمێرەی بڕگەكانی (22،25،27،20) دەكاتە(3.67, 3.56, 3.19,2.)، بەڵام ناوەندی ژمێرەیی بڕگە نەرێنیەكانی وەك(19,26,23,24,21) دەكاتە (2.58,2.49, 2.47,2.30) پلەكەی لاوازە، لەم ئەنجامەوە دەگەینە ئەوەی، كە سـەرەڕای بوونی ئاستەنگەكانی(كولتوری پیاوسـالاری، ڕێگەنەدانی خێزانی كورد بە بەشداری سیاسـی ژن،بڕوانەبوون بە توانسـتەكانی ژن، تایبەتمەندی و فسـیۆلۆجی ژن, لە ئاسـت پێویسـتدانەبونی رێكخراوەكان بۆ بەدەمەوەچوونی پرســی ژن) لە كۆمەڵگەی كوردیدا، بەڵام پاڵپشـــتیەكان زیاتربوون لەبەردەم ڕۆڵی ژن لە بونیادنانی ئاشـــتیدا، ئەویش بە هۆی ئەو ئازادی و پێگەیەی بەدرێژایی مێژووی كورد هەیبووە، كە گەڕیدەو رۆژهەڵاتناســەكان راسـتی ئەو بۆچونە دەســـەلمێنن و پێیان وایە، كە ژنی كورد بەبەراورد بە ژنـانی نـاوچەكانی دەوروبەر ئـازادتر بوون و جگەلە بەڕێوەبردن و پەروەردەی منداڵ لە كـاروبـاری دەرەوەشـدا هاوكاری پیاوەكانیان بوون، هاوكات كرانەوەی كۆمەڵگەی كوردی بە ڕووی كۆمەڵگە جیاوازەكان و پێویستی بوون بە هێز و توانا و تایبەتمەندی ژن هۆكارێكی دیكەی ڕۆڵی ئاشـتیخوازیی ژنە، لەلایەكی دیكەشــەوە پاڵپشـتی یاسـایی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی یەكێكی دیكەیە لە هۆكارەكانی ڕۆڵبینی ژن لە بواری ئاشـــتی كۆمەڵایەتی و ســـیاســـیدا. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی كەلە چاوپێكەوتنەكەدا سەبارەت بە ئاستەنگەكان بەدەستهاتوو تاڕادەیەك جیاوازن.

لەو بـارەیەوە (د.نـازەنین عثمـان حســـن) چەند ئـاســـتەنگی لەبەردەم ڕۆڵبینینی ژندا دانـاوە " (كۆمەڵگـای كوردی لە ژێر كاریگەری عەقڵیەتی پیاو سالاری دایە، كۆمەڵگەی كوردی كۆمەڵگەیەكی ئیسلامییە، ئیسلام بەچاوی نزم سەیری ژن دەكا و بە كەم عەقڵیان دەزانیت (ناقصـــات العقل)، هەروەها بەهۆی پەروەردەی كۆمەڵگەوە، ژن خۆی بەكەمتر و لاوازتر و بێتواناتر لە پیاو دەبینێت) ". هەروەها (تانیا كمال درویش)چەند ئاسـتەنگێكی خسـتۆتە ڕوو لە وانە " زاڵبوونی كولتوری پیاو ســـالاری لە ســـەرجەم كایە حزبی و حكومی و تایبەتەكاندا، زاڵبوونی ســیســتەمی خێڵایەتی و عەشــیاری لە نێو حزبە دەســـەڵاتدارەكاندا" لەلایەكی دیكەوە (د. بەســمە محمد مصــطفی حەبیب)چەند ئاسـتەنگێكی خسـتۆتە ڕوو لەوانە" ئاسـتەنگی فكری و قورســی لە قبوڵكردنی چونە دەرەوەی ژن، ئاســتەنگی یاســایی، پێیوایە هەرچەندە یاســا هەیە بەڵام جێبەجێكردنەكەی وەك پێویســت نیە و هەندێك جار لە نێوخودی یاســا و ئاینیشــدا پیاو ســالاری هەیە، هەروەها تێڕوانینی كۆمەڵگا بۆ ژن ئاســتەنگە هەروەك ئەوەی زۆرجار ژن وەك ئامرازێك بۆ زیاد كردنی دەنگ بەكاردێت هەروەك ئەوەی ژنێكی جوانی بێئەزموون بەمەبەستی كۆكردنەوەی دەنگ سودی لێوەردەگیرێت و كەمتر پشت بە توانستەكانی ژن دەبەسترێت".

لەوبارەیەوە(نەرمین عثمان حسـن)، چەند ئاسـتەنگێكی خسـتۆتە ڕوو لە وانە:" (زاڵبوونی عەقڵی خێڵایەتی و دواكەوتوویی كۆمەڵگە، بە كەم بینینی ژن و تواناكانی، پەروەردەی پیاوسالارانە، بیری توندئاژۆی ئیسلامی ئسولّی كە پێیوایە ژن دەبێت هەر لە ماڵەوە بێت، لە كەسـایەتیدانی ئەو ژنانەی بەشـداریی سـیاسـی دەكەن، كەمتەرخەمی و دوورگری بەشـێك لە ژنانی خۆیان)". هەروەها(لیلی عبدالله محمد) و(ترێ محمود محمد)ئاماژە بەوە دەكەن كە " ئـاســـتەنگی ســـەرەكی لە خودی ژن بووندایە لە كۆمەڵگەدا "

ئەو ئەنجامانەی كەلە پێوەر و چاوپێكەوتنەكەوە بەدەسـتهاتووە دەرخەری ئەوەن كە لەكۆمەڵگەی كوردیدا ئاسـتەنگی جیاواز لە بەردەم ڕۆڵبینی ژن لە كایەی سـیاسـی و بەرجەسـتەكردنی ئاشـتی سـیاسـی دا هەیە، ئەم ئەنجامەش لەگەڵ توێژینەوەكانی هەریەكە لە (الحمدانی، عبدالله، 2017)،(الخلافە، 2020)، (محمد، عبدالله، 2023) دا یەكدەگرێتەوە، ســـەبارەت بە بوونی ئاستەنگ لەبەردەم ڕۆڵی ئاشتیخوازی ژندا لە بواری كۆمەڵایەتی وسیاسیدا.

**ئامانجی چوارەم: دەستنیشـانكردنی ئەگەری بوونی جیاوازی ڕۆڵی ئاشـتیخوازی ژن لەبواری كۆمەڵایەتی و سیاسی پێی گۆڕاوەكـانی (ڕەگەز، تەمەن، پلەی زانســـتی):-** بۆ دڵنیـابوون لە ئەگەری بوونی جیـاوازی واتـایی لە نێوان چەند گۆڕاوێكی دیمۆگرافی ناو توێژینەوەكە سـەبارەت بە ڕۆڵی ئاشـتیخوازی ژن لەبواری كۆمەڵایەتی و سیاسـی، هەسـتاین بە ئەنجامدانی چەند شیكارییەكی ئاماری وەك لە خشتەكانی خوارەوەدا ڕوونكراوەتەوە:

1- دەستنیشانكردنی ئەگەری بوونی جیاوازی ئاستی ئاشتیخوازی ژن لەبواری كۆمەڵایەتی و سیاسی پێی گۆڕاوی ڕەگەز:

خشتەی (9)

ئاستی ئاشتیخوازی ژن لەبواری كۆمەڵایەتی و سیاسی پێی گۆڕاوی ڕەگەز دەخاتەڕوو

| تەوەرەكان | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | [illegible] | بەهای (ت) | [illegible] |
|---|---|---|---|---|---|---|---|



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاشتیخوازی ژن لەبواری کۆمەڵایەتی | نێر | 79 | 27.92 | 6.89 | 133 | 0.945 | 1.978 | 0.000 |
| | مێ | 56 | 29.09 | 7.29 | | | | |
| ئاشتیخوازی ژن لەبواری سیاسی | نێر | 79 | 20.63 | 6.43 | 133 | 0.777 | 1.978 | 0.000 |
| | مێ | 56 | 21.54 | 6.94 | | | | |

لە ئەنجامەکانی خشتەی (9) دا دەردەکەوێت، بەهای (ت)ی ئەژمارکراو بۆ تەوەری ئاشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی یەکسانە بە (0.945، 0.777) وە بچوکترە لەبەهای (ت)ی خشتەیی (1.978) بە پلەی ئازادی (133) و ئاستی دەلالەتی(0.000)، واتە جیاوازی واتادار نیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دا لای نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بە وەڵامی بڕگەکانی ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی، هۆکاری نەبوونی ئەو جیاوازیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نێر و مێ هاوشانی یەکتر درک بە واقع و کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی گۆمەڵگا دەکەن.

1- دەستنیشانکردنی ئەگەری بوونی جیاوازی ئاستی ئاشتیخوازی ژن لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسی پێی گۆڕاوی تەمەن و پلەی زانستی بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ANOVA

خشتەی (10)

ئاستی ئاشتیخوازی ژن لەبواری کۆمەڵایەتی و سیاسی پێی گۆڕاوی تەمەن و پلەی زانستی دەخاتەڕوو

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەندە ژمێرەیی | F | بەهای (F) خشتەیی | بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاشتیخوازی ژن لەبواری کۆمەڵایەتی | لەنێوان گروپەکان دا | 35.910 | 3 | 11.970 | 0.237 | 2.674 | جیاوازی واتادارنیە |
| | لەناوگروپەکان دا | 6628.682 | 131 | 50.601 | | | |
| | گشتی | 6664.593 | 134 | | | | |
| ئاشتیخوازی ژن لەبواری سیاسی | لەنێوان گروپەکان دا | 280.520 | 3 | 93.507 | 2.178 | 2.674 | جیاوازی واتادارنیە |
| | لەناوگروپەکان دا | 5624.472 | 131 | 42.935 | | | |
| | گشتی | 5904.993 | 134 | | | | |
| ئاشتیخوازی ژن لەبواری کۆمەڵایەتی | لەنێوان گروپەکان دا | 258.297 | 3 | 86.099 | 1.761 | 2.674 | جیاوازی واتادارنیە |
| | لەناوگروپەکان دا | 6406.296 | 131 | 48.903 | | | |
| | گشتی | 6664.593 | 134 | | | | |
| ئاشتیخوازی ژن لەبواری سیاسی | لەنێوان گروپەکان دا | 251.670 | 3 | 83.890 | 1.944 | 2.674 | جیاوازی واتادارنیە |

لە خشتەی (10)دا تاقیکردنەوەی ANOVA بۆ دەرخستنی جیاوازی ئاماژە ئاماریەکان سەبارەت بە وەڵامی نمونەی توێژینەوەکە بۆ بڕگەکانی ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی،بە جیاوازی گۆڕاوی تەمەن و پلەی زانستی دەردەکەوێت، ئەم ئەنجامانەی خوارەوە بەدەستهاتووە:-

1- گۆڕاوی تەمەن:- لەبەرئەوەی بەهای (ف)ی ئەژمارکراو تەوەری ئاشتیخوازی ژن لەبواری کۆمەڵایەتی یەکسانە بە (2.178،0.237) بچوکترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (2.674) بەپلەی ئازادی (131) و ئاستی دەلالەتی (0.000)واتە جیاوازی

واتادار نیە لەنێوان ئاستەکانی تەمەن لای نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بەرۆڵی ئاشتیخوازی ژن لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی.

2- پلەی زانستی:- لەبەرئەوەی بەهای (ف)ی ئەژمارکراو تەوەری ئاشتیخوازی ژن لەبواری کۆمەڵایەتی یەکسانە بە (1.761،1.944)بچوکترە لە بەهای (ف)ی خشتەیی (2.674) بەپلەی ئازادی (131) و ئاستی دەلالەتی (0.000)واتە جیاوازی واتادار نیە لەنێوان ئاستەکانی تەمەن لای نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بەرۆڵی ئاشتیخوازی ژن لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی.

**باسی دووەم / دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم / دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە: -** دوای گفتوگۆکردن لەسەر لەئەنجامەکانی پێوەروچاوپێکەوتنەکە لەبەر رۆشنایی ئامانجەکاندا دەگەینە کۆمەڵێك دەرئەنجام بریتین لەمانەی خوارەوە:-

1- ئەنجامی پێوەرەکە دەرخەری ئەوەیە کە ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری کۆمەڵایەتیدا لە شاری سلێمانی لەئاستێکی بەرزدایە، بەجۆرێك ژنان لە چوارچێوەی ڕۆڵەکانیان لە(پەروەردەی خێزانی، پەروەردە و فێرکردن، رێکخراوەیی،یاسا، فەرمانبەر،چالاکوان،...هتد). هاوکارن بۆ پتەبوونی پەیوەندی و هاوبەندی کۆمەڵایەتی و چاندنی بەهای لێبوردەیی و خۆشەویستی وپێکەوەژیان کۆتایی هێنان بەتوندوتیژی،هاوکات ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانیش پشت ڕاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری کۆمەڵایەتیدا دەکەنەوە، هۆکاری ئەم دەرئەنجامەش لەلایەك بۆ سروشت و تایبەتمەنی ژن کەبەسۆز و میهرەبانن دەگەڕێتەوە لە لایەکی دیکەوە ژن خۆی قوربانی تونوتیژی و ناسەقامگیریە هەربۆیە داکۆکیکەری ئاشتی کۆمەڵایەتین.

2- ئەنجامی پێوەرەکە دەرخەری ئەوەیە کە ئاستی ئاشتیخوازی ژن لە بواری سیاسیدا لە شاری سلێمانی لەئاستێکی نزمدایە، سەرباری زەمینە سازیەکان، بەڵام ڕۆڵەکانیان بۆ بەرجەستەکردنی ئاشتی سیاسی و بەهێزکردنی پەیوەندی و دانوستان لە ئاست پێویستدا نیە، هاوکات ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانیش پشت ڕاستی لاوازی رۆڵی ئاشتیخوازی ژن لە بورای سیاسیدا دەکەنەوە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژن لەهەر پلەو پایەکی حزبی و حکومی و تایبەتیشدا بێت ئەجندای خۆی وەك ژنێك جێبەجێ ناکات بەڵکو تەنها جێبەجێکەری بریارەکانی سەرو خۆیەتی جا هەر لایەن و دەستەو گروپ و کەسێك بێت.

3- سەرەڕای ئەوەی ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان و پیوەرەکە پشت ڕاستی بونی ئاستەنگەکانی(کولتوری پیاوسالاری، ڕێگەنەدانی خێزانی کورد بە بەشداری سیاسی ژن،بروانەبوون بە توانستەکانی ژن، تایبەتمەندی و فسیۆلۆجی ژن, لە ئاست پێویستدا نەبونی رێکخراوەکان بۆ بەدەمەوەچوونی پرسی ژن) لەبەردەم ڕۆڵی ئاشتیخوازی ژندا لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەکەن، بەڵام ئەنجامی پێوەرەکە دەرخەری ئەوەیە کە پاڵپشتیەکان زیاتربن لە ئاستەنگەکان لەبەردەم ڕۆڵی ژن لە بونیادنانی ئاشتیدا، ئەویش بە هۆی ئەو ئازادی و پێگەیەی بەدرێژایی مێژووی کورد هەیبووە، لەلایەکی دیکەشەوە کرانەوەی کۆمەڵگەی کوردی بە ڕووی کۆمەڵگە جیاوازەکان و پێویستی بوون بە هێز و توانا و تایبەتمەندی ژن هۆکارێکی دیکەی ڕۆڵی ئاشتیخوازیی ژنە، لەلایەکی دیکەشەوە پاڵپشتی یاسایی نێوخۆیی و نێودەوڵەتی یەکێکی دیکەیە لە هۆکارەکانی ڕۆڵبینی ژن لە بواری ئاشتی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.

4-جیاوازی واتادار نیە لەنێوان گۆراوەکانی(ڕەگەز، تەمەن، پلەی زانستی) لای نمونەی توێژینەوەکە سەبارەت بەڕۆڵی ئاشتیخوازی ژن لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی.

**دووەم/ ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:-**

1-پێویستە ژنان هەوڵەکانیان لە ڕێگەی دامەزاروە (کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و سیاسی)ەکان چڕتر بکەنەوە، بۆ گەشەپێدان وبوژانەوەی هاوبەندی کۆمەڵایەتی وچەسپاندنی گیانی هاوکاری وخۆشەویستی و لێبوردەیی و یەکتر قبوڵکردن.

2-پێویستە حزبە سیاسیەکان ڕۆڵ و پێگەی کاریگەر بدەنە ژنان تا لە ڕێکەوتن ودانوستان وچارەسەری کێشەکاندا بەشداربن، لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندی گشتی وچەسپاندنی یەکسانی و دادپەروەریدا.

3-پێویستە ڕێکخراوە نێودەوڵەتی وهەرێمی و ناوخۆییەکان کار بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتری بەشداری ژن لە سەرجەم دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، دادوەری، جێبەجێکردن) بکەن و ڕۆڵەکانیشیان لەو دەسەڵاتانە کاریگەربێت و دور بێت لە جێبەجێکردنی ئەجندای حزبی و کەسی

4-پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەرفەتی کارا بۆ هۆشیاری و بەشداری سیاسی ژن برەخسێنن.

**سێیەم/ پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:-**

1- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر ڕۆڵی ژن لە بونیادنانی ئاشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەلایەن توێژەرانی ترەوە لەداهاتوو.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بونیادنانی ئاشتی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لەلایەن توێژەرانی ترەوە لەداهاتوو.

3- زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە کۆلێجە جیاوازەکاندا گرنگی بە خوێندن و توێژینەوە لە بواری ئاشتی کۆمەڵایەتیدا بدەن، لە پێناو پارێزگاری و دروستکردنی ئاشتی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی

**سەرچاوەکان**

**یەکەم / کتێبی کوردی**


1. بۆکانی، د. سابیر بکر، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوار چرا،سلێمانی، 2016.
2. ڕەفیق وئەوانی تر، حکومەت وپرسی یەکسانی، چاپخانەی شەهاب، چ2، هەولێر، 2018.
3. ڕێکخراوی ڕاگەیاندن و ڕووناکبیری ژنان، مێخەکبەندێك لە وشە، چاپخانەی کە کۆن، 2014
4. زێباری، د. طاهر حسو، سۆسیۆلۆژیای هابرماس، ناوەندی فێربوون بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چ1، هەولێر، 2023.
5. زەنگەنە، پەخشان، ئافرەت لە ناوچەکانی ململانێدا، ئافرەتانی کوردستان و ڕۆڵیان لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا، چاپخانەی شەهاب،چ1، هەولێر، 2017.
6. سندی، پرۆفیسۆر بەدرخان، کۆمەڵگەی کوردەواری لەدیدی ڕۆژهەڵات ناسیدا، و. د. ئیسماعیل سەعید، چ1،چاپخانەی خانی، دهۆك، 2008.
7. سەیوان، ڕێپێوانی ژنان ڕوداوێکی مێژوویی بوو، ڕۆژنامەی " دەنگی ژنان"، ژ(19)، سلێمانی، 1997.
8. شەریف، د. ئەمین فەرەج، حوکمڕانێتی باش لە هەرێمی کوردستان توێژینەوەیەك لە پایەو ئاستەنگەکانی 1992-2012، و. لوقمان حاجی قادر، چاپخانەی هێڤی، چ1، هەولێر، 2019.
9. عزیز، کنێر عەبوڵڵا حمە، پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوریدا، چاپخانەی تەوار، 2005.
10.غەفوور، خەڵەف، لە ڕێگای گەیشتن بە ئاسۆ، کۆدیدارێك لەگەڵا نەرمین عوسمان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، 2013.
11.قادر، مهدی محمد، پێشهاتە ساسیەکانی کوردستانی عێراق(1945-1958)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، 2005.
12.قەرەداغی، مەهاباد، ئافرەتیزم مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشوری کوردستان(1918- 2018)، چاپخانەی شهاب، 2018.
13.کانت، ئیمانویل، بەرەو ئاشتی هەمیشەیی هەوڵێکی فەلسەفیانە، و. ڕێبین ڕەسوڵ، چاپخانەی حەمدی، چ1، سلێمانی، 2017.
14.محەمەد پور، ئەحمەد، میتۆدناسی، سەرەتایەك لەسەر میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا، چاپی یەکەم، نشر لوگوس، قم ایران، 1397
15.موحسینی، منوچهر، دەروازەکانی کۆمەڵناسی،و.ڕێبوار سیوەیلی و تەوانی تر، چ1، دەزگای موکریانی، هەولێر، 2004.
16.یاسین، عزالدین عبداللە، ئافرەت و یاسا، چاپخانەی شهاب، چ2، هەولێر، 2012.
17.ئۆمەرملی، پەرژین جەعفەر ڕۆستەم، ڕۆڵی ئافرەت لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشووری کوردستان 1958-1991، چاپخانەی دانیشفەر، چ1، هەولێر، 2023.


**دووەم / کتێبی عەرەبی**


18.ابو عمه و أخرون، د. عبد الرحمن محمد، مقدمه فی المعاینه الاحصائیه،دار المربع للنشر،الریاچ،السعودیه، بدون سنه الطبع.
19.احمد، حسین عبدالحمید، علم الاجتماع المراه، مکتب الجامعی الحدیپ، القاهره، 1998.
20.البارمنی، اسماعیل ابابکر، السلام فی فلسفه الاسلام، ط1، مطبعه خانی، دهوك، 2014.
21.بدوی، د.احمد زکی، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعیه، مکتبه لبنان، الاسکندریه، 1977.
22.برهم، نضال عبد اللطیف، الخدمات الاجتماعیه،ط2،مکتبه المجتمع العربی للنشر،عمان،2005.
23.الحسن، د. احسان محمد،الموسوعه العلم الاجتماع،دار العربیه للموسوعات،بیروت،1999.
24.حسن، د. عبدالباسط محمد، اصول البحپ الاجتماعی، ط3، مکتبه الانجلو مصریه، القاهره، 1971.
25.حمدی، حسن، أبو النور، یورجن هابرماس" الاخلاق و التواصل"، دار التنویر، بیروت، 2009.

26.الداودی، ریاض، تأریخ العالقات الدولیه: مفاوظات السالم، دمشق، منشورات جامعه دمشق، ط5، 1998.
27.الزیباری، طاهر حسو، دور المرأه الکردیه فی المشارکه السیاسیه، دار ئاراس للطباعه والنشر، اربیل، 2006.
28.عبد الغفار، محمد احمد، فض النزاعات فی الفکر و الممارسه الغربیه، دار هومه للطباعه و النشر و التوزیع، 2003.
29.عقیل، عقیل حسین،فلسفه مناهج البحث العلمی،مکتب مدبولی،القاهره، مصر،1999.
30.العمر، د.معن خلیل، معجم علم الاجتماع المعاصر، دار الشروق للنشرو التوزیع، ط1، عمان،2000.
31.فرج، محمد سعید، البناء الاجتماعی و الشخصیه، دار المعرفه الاجامعه الاسکندریه، 1989.
32.لطفی، د. طلعت ابراهیم،اسالیب و ادوات البحث الاجتماعی، ط2،دار الغریب للطباعه و النشر والتوزیع،قاهره،2010.

**سێیەم / کتێبی ئینگلیزی**

33. Creswell,J.W., Qualitative Inquiry, Research Design: choosing Among five Approaches (2nd ed), California: SAGE publication, 2007
34. Nunally, G.C Psychometric Theory, Mcgraw hill, new York, U.S.A ,1978.

**چوارەم / توێژینەوەکان**

35.بوساحه، مروه، بناء السلام دراسه فی المفهوم والمقاربات و الفواعل، رساله ماجستیر مقدمه الی کلیه الحقوق و العلوم السیاسیه، جامعه 8ی مای 1945 قالمه، 2018.
36.حسێن، شۆخان محمود حسێن، کاریگەریی ململانێ سیاسیەکان لە پێکهێنانی سیماکانی کەسێتی کورددا، تێزی دکتورا(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستی مرۆڤایەتی، بەشی کۆمەڵناسی، 2022.
37.الحمدانی، عبدالله، خلیل ابراهیم کاچم، زیرڤان امین، دور النساو فی بناو السلام فی مجتمعات مابعد النزاع/النساو الناجیات(نینوی- دهوك) نموذجا، 2017.
38.خلالفه، هاجر، بناء السلام من منضور الجندر: دروس المستفاه من دور المراه فی عملیات بناو السلام فی افریقا،(اطروحه دکتورا (غیر منشوره)، جامعه باتنه، کلیه الحقوق و العلوم السیاسه، قسم العلوم السیاسیه، 2020.
39.رشید، شیرین ابراهیم محمد، اتجاهات المجتمع الکوردی نحو التعایش السلمی/ دراسه میدانیه فی اقلیم کوردستان العراق، اطروحه دکتورا (غیر منشوره)، جامعه السلیمانیه، کلیه العلوم الانسانیه، قسم علم الاجتماع، 2020.
40.شماع، نسیمه، مشارکه المرأه فی بعیات السلام الامنیه المنجزات و الحدود، رساله ماجستیر(غیر منشور)، کلیه الحقوق و العلوم السیاسه قسم العلوم السیاسیه، فی جامعه 8 مای 1945 قالمه، الجزائیر، 2022.
41.عەبدوڵڵا، ئاڤان ئەحمەد، ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری ژن لە شاری سلێمانی(1991- 2023)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو، 2023.
42.فەرەج، جمال مەجید، جینۆسایدی باشووری کوردستان پرۆسەی ئەنفالی یەك بەنموونە 21\2 – 19\3\1988، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو، 2022.
43.محمد، پەروین أبوبکر، دور النخبه المیقفه فی عملیه التحول الحچاری (دراسه میدانیه فی اقلیم کوردستان)، أطروحه دکتورا (غیر منشوره)، جامعه السلیمانیه، کلیه العلوم الانسانیه، قسم علم الاجتماع، 2020.
44.محمد، عبدالله، د.احمد ادریس احمد، د.المعز ابکر احمد عبدالله، تعزیز بناو السلام و فچ النزاع عن طریق القاده المحلیین/ دراسه حاله ولایه نهر النیل- محلیه شندی- قریه المسیکتاب القوز- سودان، مجله العلوم الانسانیه و الطبیعیه، مجلد4، العدد 1، 2023.
45.ئەحمەد، ئامانج حسن، پەیوەندی نێوان کوردو ئاسوورییەکان1843-1933، تێزی دکتورا (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو،201٥.
46.ئەمینی، کەریمی، عوسمان ئاکام، سومەیە، شێوازی دەرکەوتن و پێناسەی ژن بە پێی میتۆدی شیکاری گوتار لە کتێبی ڕشتەی مرواری عەلائەدین سەجادیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە 22، 2022.

**پێنجەم / ئەنتەرنێت**

47.أمین، فخریه علی، دور المرأه الکردیه السیاسی فی مجتمع من 1970-2003 خانقین نموذجا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانس، 2017 https://doi.org/10.24271/garmian.53.
48.تەها، تەرزە، بڕیاری 1325 چییە؟، https://jinhaagency.com/so/aprt/byary-1325-chyy-1-16081، ڕێکەوتی وەرگرتنی زانیاری 19\8\2023.

49.دليل ارشادى لقرار مجلس الآمن 1325 حول المراه والسلام و الامن، فلسطين-راماالله، 2020.
.https://www.dcaf.ch/sites/default/files/publications/documents/2_Guidelines_UNSCR_WEB.pdf